# له بارەی زمانی یەکگرتووی کوردی و

# چەند بابەتێکی تری کولتووری کوردییەوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

محەمەدی مەلا کەریم

# لە بارەی زمانی یەکگرتووی کوردی و چەند بابەتێکی تری کولتووری کوردییەوە

چەند وەڵامێکی کۆمەڵێك پرسیاری گۆڤاری (بزاو)ە

ناوی کتێب: لە بارەی زمانی یەکگرتووی کوردی و چەند بابەتێکی تری
کولتووری کوردییەوە
نووسینی: محەمەدی مەلا کەریم
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٧٢٥
پیت لێدان و دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: بەسۆز هیمداد
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٠٣٦ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## سەرەتا

لە سەرەتای مانگی ١١ی ساڵی ڕابووردوودا پەیامنێرانی گۆڤاری جوانەمەرگی (بزاو)ی هەولێری لە گەرمیان، کاك محەمەد عەلی وەلی و کاك عەبدوڵڵای مەلا نووری ١٣ پرسیاریان بەرەوڕوو کردمەوە تا وەڵامیان بدەمەوە و پرسیار و وەڵامەکان لە گۆڤارەکەیاندا بڵاو بکەنەوە. پرسیارەکان، وەك کە ئەگەر ئەم کتێبوولکەتان خوێندەوە بۆتان دەردەکەوێ، هەموو بە دەوروخولی چەند بابەتێکی کولتووریی ئەمڕۆی کوردستانی عێراقدا دەخولانەوە. بۆیە زۆرم پێ خۆش بوو گۆڤارێك بیەوێ بیروبۆچوونم لەبارەی بابەتی ئەو پرسیارانەوە لێ بپرسێ، چونکە بەشی هەرەزۆریان بابەتی وا بوون بیروبۆچوونی خۆمم تیایاندا هەبوو و لەبەرئەوەیش کە بەشێکیان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بواری لێدوان و قسە لێکردن بوون لە کوردستانی عێراقدا و وەك لە سێ بەشی سەدەی ڕابووردوودا، سەری ڕۆشنبیرانیان پێوە قاڵ بووە، زۆرم حەز دەکرد ڕای خۆم بەو برایانە بگەیەنم و لە جۆری بیرکردنەوەی خۆمیان لەو بارەوە ئاگادار بکەم، تا لە ڕێگای ئەوانەوە بە هەرکەسی تریش بگات کە مەبەستی بێ. بۆیە، گفتم دانێ وەڵامی

پرسیارەکانیان، بەڵام کەمێك بەکاوەخۆ، بدەمەوە، چونکە لەو ڕۆژانەدا پابەندی گفتی نووسینی هەندێ بابەتی تریش بووم کە بە کەسانێکی ترم دابوو.

کە سەرە هاتە سەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی برادەرانی (بزاو)و لە چەند ڕۆژێکدا لە نووسینی ڕەشنووسی وەڵامەکانیان بوومەوە، هەواڵی ناخۆشی داخستنی گۆڤارەکەم پێ گەیشت. بڕیارم دا هەرچەند گۆڤارەکەیش داخرابێ، من وەڵامەکانی خۆم پاکنووس بکەم و گوێ بەوە نەدەم کە گۆڤارەکەی بۆم نووسیبوون داخراوە. لە دڵی خۆمدا دەموت خوا هەر لە لایەکەوە کەلێنێك دەڕەخسێنێ لێوەیان بڵاو بکەمەوە.

لەو میانەدا و پاش لێبوونەوە لە پاکنووسکردنی وەڵامەکان، پێوەندیم بە دۆستی ئازیزم کاك بەدران ئەحمەد حەبیبی بەڕێوەبەری دەزگای (ئاراس)ی خاوەنی گۆڤاری (بزاو)ەوە کرد و لێم پرسی ئاخۆ نیازی دەرکردنی گۆڤارێکی نوێیان لە بریتیی (بزاو) نییە تا منیش وەڵامەکانمی تێدا بڵاو بکەمەوە؟ وەڵامی دامەوە کەوا (پەخشە)یەکیان هەیە دەتوانین لەودا بڵاویان کەینەوە. تێم گەیاند کە وەڵامەکانی من لە ٣٨ لاپەڕەی گەورەدا نووسراونەتەوە و بڵاوکردنەوەیان لە پەخشەیەکی بچووکدا ٧ – ٨ ژمارە

دەخایەنێ. جا لەبەر ئەوە کە بایەخی ئەو پرسیار و وەڵامانە لەوەدایە خوانا بتوانێ بە کەڕەتێك بیانخوێنێتەوە و پچڕپچڕ نەکرێن کە وا دەبێ بۆ زۆر کەس ڕێك ناکەوێ چاوی بە هەموو ئەڵقەکانی بکەوێ ، دەبێ هەرچۆن بووە کارێکی وا بکەین لە شوێنێکدا بە جارێ بڵاویان بکەینەوە. ئەویش گفتی دامێ لە کتێبوولکەیەکدا بۆم لە چاپ بدا، منیش سوپاسگوزاریی زۆری خۆمم لەگەڵ دەستنووسەکەدا پێشکەش کردو ئەوەتا لە چوارچێوەی ئەم کتێبە جوانکیلەدا لە بەردەستی خوانایانی ئازیزدایە.

بۆیە بە جەختەوە داوا لە هەر دۆست و برادەرێك دەکەم کە ئەم کتێبوولکەیە دەخوێنێتەوە و بۆچوونێکی دژی ئەم بۆچوونانەی منی هەیە کە لێرەدا بڵاوم کردوونەتەوە، بەشێوەیەکی بابەتییانە وەڵامیان بداتەوە و لەسەریان بنووسێ. من لەوە دڵنیام کە چ خۆم و چ بەشی هەرە زۆری ئەوانەیش کە دەیانەوێ بەرپەرچێکم بدەنەوە، هەموومان مەبەستمان ئەوەیە چارەسەرێکی ڕاست بۆ بەشێك لەو گیروگرفتانە بدۆزینەوە کە دەمێکە کولتووری کورد لە زۆر ڕووەوە بەدەستیانەوە گرفتارە و پێیانەوە دەناڵێنێ. کەواتە ئەمە من و با ئەوانیش بفەرموون.

محەمەدی مەلا کەریم

سلێمانی ٢٠٠٨/١/١

**پ: لەم دوایییانەدا مشتومڕێك لەسەر نەبوونی زمانێكی كوردیی ستاندارد هاتووەتە ئاراوە. تۆ چ ڕێگەیەك بە باش دەزانیت بۆ دەربازبوون لەو ئیشكالییەتە؟**

و: مشتومڕ بێ یان دەمەتەقێ یان گفتوگۆ لەسەر بوون و نەبوونی زمانێكی كوردیی ستاندارد، بابەتێكی نوێ نییە و دەمێ ساڵە هەیە و زەقترین نموونەی لە شێوەیەكی جیددیدا لە كتێبەكەی دوكتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵدا دەركەوت كە ناوی لێ نابوو (زمانی ئەدەبیی كوردیی یەكگرتوو) و لە ساڵانی حەفتادا بڵاوی كردەوە.

بنەمای ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ باری ئابووریی كۆن و ئێستای كوردستان و دۆخی جیۆگرافیاییی ئەو كە وڵاتێكی زیاتر شاخاویی سەختە لە سنوورێكی زۆر تەسكدا نەبێ پێوەند و بەڵكو هاتوچۆیشمان بەسەر یەكەوە نەبوە، لەبەرئەوە هەر بەشێك بە سەربەخۆ لەوانی تر ژیاوە، ئەگەر هەر بەشێك بە دیالێكتی ئاخاوتندا لە بەشێكی تر جوێ بكەینەوە، دەتوانم بڵێم هەر

بەشێکیشی بەتەنیا بووە بە چەند بەشی جیا لەوانی تر و پێوەندێکی ئەوتۆ لە نێوان بەشەکانی ئەو بەشەیشدا نەبووە، لایشم وایە زەقترین پێوەندی لە نێوان بەشەکانیدا بە هەردوو واتا (بەشی دیالێکت جیاو بەشی بە وردە دیالێکت جیا) یا چوونە سەر یەکی خەڵکی بەشەکان بووە بۆ شەڕ لەناو خۆیاندا، یا هاتوچۆی مەلا و فەقێ بۆ مەلایەتی و بۆ خوێندن و هاتوچۆی سۆفی و دەروێش بۆ زیارەت و سەرلێدانی شێخ و مەشایخ. هەر ئەمەیشە وای کردووە هەر دیالێکتێکی لە چەند وردە دیالێکت پێکهاتووە و بەڵکو وایش بووە لە یەك گەورەدێداو

لە چوارچێوەی یەك دیالێکتدا دوو شێوەزار یا زیاتر بووە و هەیە با جیاوازیی نێوانیشیان زۆر نەبێ، بەڵام خۆ هەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین: زمانی کوردی تا ئێستایش لە سنووری سیستێمی دەرەبەگیدا دەژی و بەڵکو لەوە خراپتریش ئەوەیە ئێستا کە هەرێمێکی کوردستانی بەناو یەك پارچە هەیە و یەك حکوومەت و سیستێمێکی بەڕێوەبەریی هەیە و لەجیاتیی ئەوەی ئەم یەك حکوومەتییەی هەرێم و یەك پەرلەمانی و یەك بەڕێوەبەرییە هەر هیچ نەبێ بەردی بنەمای پەیدابوونی زمانی ستاندارد یا زمانی یەکگرتوومان دانێ کە هیوای ئەوەمان لا پەیدا بکا لە دوارۆژێکی زۆر دوورنا–دا بە ئاواتی یەك زمانیمان بگەیەنێ، دەماری سۆرانیگەری و بادینانیگەری، (یا وەك دەڵێن کرمانجیی باشوور و باکوور) لە ڕادەیەکی بەرز و بالای گەشەکردن و پەرەسەندندایەو نەك هەر

جیاوازیی دیالێکت و دوو زمانی، بەڵکو خەریکە دوو ئەلفوبێیش لەگەڵ خۆی دێنێ، لە ئەنجامی ئەم ڕاستییەدا لەملا و لەولای کوردستان خەریکە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیری داوای خوێندن بە چەند دیالێکتی تریش سەر هەڵدەدا، سەرەڕای هەموو ئەمەیش خەریکە لە ڕێگای تێئاخنینی وشە و دەستەواژەی سۆرانی و بادینانییەوە لە تێکستی یەکتردا لە کتێبەکانی قوتابخانەکاندا کارێك دەکرێ وردە وردە دیالێکتێکی دووڕەگی سێیەمیش بهێنرێتە ڕووی کار و منداڵی بەستەزمانی سۆرانی و بادینانی تەنانەت بە زمانێکی پوختی دیالێکتەکەی خۆیشیان فێرە خوێندن نەکرێن، لە بەشی هەرە زۆری حاڵەکانیشدا مامۆستایانی قوتابخانەکانیش لە هیچ لایەك لەم زمانە دووڕەگە ناگەن، ئیتر منداڵی قوڕبەسەری کورد چۆن فێر بکەن! ئەمە ئەو واقیعەیە کە ئێستا هەیە و بە بەرچاوی هەموومانەوەیە، بەڵکو دەتوانم بڵێم، بە بێدەنگبوون و تەنانەت پشتیوانیی بەشێك لە دەزگا کاربەدەستەکانی پەروەردەی حوکوومەتی کوردستانەوە دەچەسپێنرێ!

ئەمە تا ئێرە بەشێك بوو لە ڕێ خۆشکردن بۆ چوونە ناو بابەتی پرسیارەکەتان، با ئیتر لێرەوە بگەڕێمەوە بۆ خودی بابەتی پرسیارەکە و دەڵێم:

بۆ دەربازبوون لەو ئیشکالییەتەی لە پرسیارەکەتاندا باسی لێ کراوە، من لام وایە دوو ڕێگاچارە لە بەردەمدایە، یەکەمیان ئەوەیە

حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەئاشکرا و بێ پێچوپەنا، ددان بەوەدا بنێ کە هەرچەند زمانی کوردیش، وەك هەموو یا زۆرتری زمانەکانی جیهان، چەندین دیالێکتی هەبێ خەڵکەکە لە ناو خۆیاندا قسە بەوەیان بکەن کە لە ناوچەکەی خۆیاندا باوە، دەبێ دیالێکتێکی یەکگرتوویش بۆ پێخوێندن و پێدانانی کتێبی قوتابخانەکان هەبێ، کوردی کوردستانی عێراق بەو دیالێکتە بخوێنن و هەموو دام و دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە مامەڵە ڕەسمییەکان و نامە و نامەکارییەکانیاندا ئەو دیالێکتە بەکاربهێنن، با دیالێکتەکەیش دیالێکتی قسەپێکردنی هەموو کوردستانی عێراق نەبێ، تا وردە وردە هەموو خەڵکی کوردستانی عێراق فێری ئەو دیالێکتە دەبن و لایان دەبێ بە شتێکی عادەتی، وەك ئەو عەرەبییە فەسیحەی هەموو کتێبە عەرەبییەکانی پێخوێندنی عەرەبییان پێ دانراوە و لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت و نامە و نامەکارییەکانیاندا بەکاری دەهێنن و بەشی گشتیی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و میدیای حکوومەت و میدیای سەرەکیی هەموو حیزب و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکان بەو دیالێکتە مامەڵە دەکەن.

خۆ ئەگەر ئەمە ناکا، دەبێ بۆ ئەمڕۆ ددان بە بوون و ڕەواییی بەکارهێنان بۆ پێخوێندن و مامەڵەی ڕەسمی لە ناوچەی قسەکەر بە هەر کام لە دیالێکتی کرمانجیی خواروو (سۆرانی) و کرمانجیی سەروو (بادینانی)دا بنێ وەك دوو زمانی لێك سەربەخۆ با لە

یەکیشەوە نزیك بن کە ئەمەیش یەکەم دەبێ یە بنەمایەکی پتەو بۆ دامەزراندنی دوو هەرێمی کوردستان لە عێراقدا هەرچەندیش بتوانرێ ئەو دوو هەرێمە لە یەك فیدرالیەتدا کوبکرێنەوە، دووەمیش دەبێ بە هاندەرێك بۆ پێئاخێوەرانی دیالێکتەکانی تری وەك هەورامی و فەیلی و خانەقینی و چیی تریش هەبێ، کە هەندێ لەوانیش هەر لە ئێستاوە داوای دداننان بە دیالێکتی پێئاخاوتنی ناوچەی خۆیان و کتێب پێ دانانی و مامەڵە پێکردنی دەکەن و کوردیش هەر لەمێژە وتوویە: «شەنە لە مەنە کەمتر نییە». ئەگەر حکوومەتی کوردستان ڕێگای یەکەم بگرێتەبەر، لە ماوەی پێگەیاندن و خوێندن پێتەواوکردنی یەك وەچەی قوتابییاندا لە قۆناغی بنەڕەتییەوە تا تەواوکردنی زانکۆ بە دیالێکتی کرمانجیی خواروو کە خزمەتێکی گەورە و زۆری کراوە و هەنگاوەهایەکی فرەی بە ڕێگای گەشەکردندا ناوە، وەچەی لاوانی خوێندەواری دوارۆژ پێکەوە دەنێ کە زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی هەبێ ببێ بە زمانی پێخوێندن و مامەڵە پێکردنی هەموو کوردستانی عێراق لە دوارۆژدا.

خۆ ئەگەر ڕێگای دووەمیش هەڵبژێرێ، ئەوە بەو هەنگاوەی مۆری دداننانی ڕەسمی بە نەبوونی زمانێکی کوردیی قابیلی یەکگرتندا دەنێ و بۆ هەمیشە زمانی کوردی دەکا بە چەند زمان و تەنانەت ئەگەر لە کوردستانی عێراقیشدا کورد بە دوو دیالێکتی ڕەسمی قەناعەت بکەن و دیالێکتی تر نەهێننە ئاراوە، سبەینێ کە

کوردستانی ئێرانیش ئازاد بوو و هەر دەبێ ئازادیش ببێ، ڕێگا بۆ بەرپابوونی چەندین زمانی کوردیی تریش دەکرێتەوە کە لە کوردستانی عێراقدا نین یا هیی کەمایەتیگەلێکی زۆر بچووکن و دیارە لە کوردستانی تورکیایشدا هەروا، هەرچەند ئێستا هەندێ کەس وا لە خەڵك دەگەیەنن کە ئەوان هەموو بە یەك دیالێکت دەدوێن و جیاوازیی نێوان وردە دیالێکتەکانیان زۆر کەمە و ئەم گیروگرفتەی ئێمە هەمانە ئەوان گوایە نییانە. بەڵام لەڕاستیدا مەسەلەکە وا نییە و لەوێیش چەندین دیالێکت هەن هیی وایان تێدایە پێدووەکانی ، خەڵکی تر، بەئاسانی لێیان تێ ناگەن و زاراوەی (کرمانجیی سەروو)یش هەموویان دەگرێتەوە. من نازانم کەسێك چۆن ڕێگای خۆی دەدا وا بخاتە زەینی خەڵکەوە زازایی و بۆتانی بە یەك دیالێکت دەدوێن؟ ئەوانیش واتە کوردی باکوور، کوردی کوردستانی تورکیا، هیچیان لە ئێمە جیا نییە و ئەوانیش بە چەند دیالێکتی لێك جیاواز دەدوێن و بە دڵنیاییەوە دەڵێم گرفتی ئەوانیش لەم بارەیەوە، وەك هیی ئێمە سەختە. ئێمە ئەگەر توانیمان دیالێکتی ستانداردی کرمانجیی خواروو بکەین بە بنەمای زمانی کوردیی یەکگرتوو، تا کوردی کوردستانی باکووریش ئازاد دەبن و دەتوانن بکەونە بیرکردنەوە لە بەکارهێنانی زمانی نەتەوەییی خۆیان بۆ پێخوێندن و مامەڵە پێکردن، ئێمە هەنگاوگەلێکی زۆرترمان لە بواری کردنی کرمانجیی خوارووا بە زمانی ڕەوان (فەسیح)ی کوردی بڕیوە و

ڕێ بۆ کوردانی ئێستای ئێران و تورکیا و سووریایش خۆش بووە کە ئەوانیش دەست بکەن بە بەکارهێنانی ئەم دیالێکتەی زمانەکەمان و لە ڕێگای هۆیەکانی ڕاگەیاندنیشەوە زۆر لەوە نزیک کەوتوونەتەوە کە گەلێك لە ئێستا ئاسانتر لە کرمانجیی خواروو بگەن و بتوانن بەکاری بهێنن و ئەمە هیچ کەمی و عەیبەیەکی تیدا نییە بۆیان . ئەوان دەیان ساڵە لە ئێران بە فارسی و لە تورکیا بە تورکی و لە سووریا بە عەرەبی دەخوێنن و دەنووسن. ئیتر بۆچی بۆ فێربوونی دیالێکتێکی زمانەکەی خۆیان کە لە هەموو دیالێکتەکانی تری زیاتر خزمەتی کراوە و گەشەی کردووە و هەرچەند لەم ڕووەیشەوە کەموکورتیی زۆری تێدا مابێ و گرامەری تەواوی بابەتەکانی بۆ نەنووسرابێ و فەرهەنگی هەموگرەوەی بۆ ڕێك نەخرابێ و چەند ناتەواویی هێشتا بە زەقی پێوە دیار بێ ، لە هەر دیالێکتێکی تری زمانی کوردی مەرجەکانی ئەوەی پتر تێدا هاتوونەتەدی کە بکرێ بەو دیالێکتەی لە هەموو لایەك بۆ پێخوێندن و مامەڵە پێکردنی ڕەسمی بەکاربهێنرێ و بەمە لە هەر ڕێگایەکی تر زیاتر، یەکێتیی زمانی نەتەوەکەمان بۆ دابین دەبێ و ڕێگا لە دابەشبوونی گەلەکەمان بۆ چەندین زمانی لە ئەمڕۆدا لێك جیا و لە بنەڕەتدا خزم دەگرین.

لێرەدا دەمەوێ بڵێم من هەڵاویردنی دیالێکتی کرمانجیی خوارووم بەسەر بادینانییەکەی لای خۆماندا (نەك بەسەر کرمانجیی سەروودا چونکە دیالێکتی تریش لە کوردستانی

تورکیادا هەن، وەك دیالێکتی تریش جگە لە کرمانجیی باشوور لە کوردستانی عێراق و ئێراندا هەن، کە وەك وتم ئەویش چەند وردە دیالێکتی لە چوارچێوەدا کۆبووەتەوە کە یەکێکیان بادینانییەکەی کوردستانی باشوورە، وەك سۆرانییەکەی کرمانجیی خواروو) ، بە هیچ کلۆجێ لەوەوە نییە کە ئەم دیالێکتە قسەپێکەری لە کوردستانی عێراقدا لە دیالێکتی بادینانی زۆرترە وەك دوکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ ئەمەی کردبوو بە بەڵگەی دەستی بۆ هەڵاویردنی بەسەر دیالێکتی بادینانیدا. من ئەم زۆر و کەمییەم لا مەبەست نییە و لام وایە لە هەڵاویردنی دیالێکتێك بەسەر دیالێکتەکانی تری زمانەکانی تریشدا ئەم پێودانگە ڕەچاو نەکراوە. دیارە من ئێستا ئاگام لە مێژووی زمانەکانی جیهان نییە کە چۆن زمانی یەکگرتوویان بۆ دروست بووە و چ سەنگ و تەرازوویەك لەوەدا ڕەچاو کراوە، بەڵام ئەوەندە دەزانم لە هەر کامێکیاندا بارودۆخێکی تایبەتیی سیاسی یا ئابووری یا مێژوویی یا هیی دی بووە بە هۆی ئەوە. نزیکترین نموونە لە دەوروبەری خۆماندا زمانی عەرەبییە کە ئەگەر پێغەمبەر لە هۆزی قورەیش نەبوایە و قورئان بە عەربیی قورەیشییەکان نەهاتایەتە خوار بۆ پێغەمبەر، بێگومان دیالێکتی عەرەبیی قورەیش نەدەبوو بە زمانی ستانداردی عەرەبی و لەوێیشەوە بە زمانی هەموو شارستانیەتیی ئیسلام کە لە سنووری چینەوە تا باکووری ئیسپانیای گرتەوە.

هەروەها هەڵاوێردنی دیالێکتی کرمانجیی خواروو بەسەر بادینانییەکەی لای خۆماندا لەوەیشەوە نییە کە من خۆم بە دیالێکتی کرمانجیی خواروو دەدوێم، سەنگ و ترازووی من، لە چوارچێوەی کوردستانی عێراقدا، تەنیا ئەوەیە کە دیالێکتی سۆرانی لەچاو دیالێکتی بادینانیدا خزمەتێکی گەلێ زۆری کراوە و زۆریش خەمڵیوە و هیچ پێویستییەك نییە ئەم خزمەت و خەمڵینە کە تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە ٨٥ ساڵ، هەروا لە خۆڕایی لەدەست بدەین و بگوێزینەوە بۆ بادینانی یا بادینانیش بکرێ بە دیالێکتێکی ڕەسمی، وەك لە پێشەوە لێکم دانەوە. بادینانی، لەچاو سۆرانیدا، زۆر کەم خزمەتی کراوە و زۆر کەم خەمڵیوە و هیچ پێویست ناکات خزمەتکردن و خەملاندنی کە زۆر زۆریش پێویستە، بۆ ئەوە بێ لە بەرامبەری جێگیربوونی دیالێکتێکی وادا دابنرێ کە بە ئاسانی بتوانرێ بکرێ بە دیالێکتی ڕەسمیی هەموو کوردستانی عێراق وەك دیالێکتی سۆرانی.

وەك لە شوێنێکی تریشدا نووسیومە، ئەگەر باری مێژووی کورد وا بڕۆیشتایە کە دیالێکتی گۆرانی کە لە سەرەتادا زمانی ئەدەبیی کوردی بوو لە بەشی هەرە زۆری کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، هەر بەردەوام بوایە و بە ڕووخانی میرنشینی ئەردەڵان پاش نەکەوتایە، یا ئەگەر ئەو دیالێکتەی کرمانجیی سەروو کە مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و فەقێیێ تەیران و مەلای باتێ و مەلا مەحموودی بایەزیدی پێیان نووسیوە و گۆڤارەکانی کوردستانی

عـوسمـانـی و تـورکـیـای پـێش سەردەمـی کـەمـالـیـیـەکـانـی پـێ دەنـووسران، بـەردەوام بـوایـە و قـەدەغـە نـەکـرایـەو لـەم لایشەوە دیالێکتی سۆرانی کە لە سەردەمی بابانییەکانەوە، وەك زمانێکی شیـعـر پێنـووسین هـاتـووەتـە مـەیدانـەوە، لـە سلێمـانـی نـەبـوایـە بـە زمـانـی ڕۆژنـامـە و گـۆڤـار و دەزگاکانی حوکوومەت و ئێستایش لەو نووسراوەی پێشووم زیاد دەکەم و دەڵێم: حوکمڕانانی هەرکامیش لـە نـاوچـەی بـەو دیـالـێکـتـانـە دوودا دەسـتـەڵاتـیـان بـەسەر هـەمـوو کوردستـانـدا بـگـرتـایـە، هـەرکـام لـەو دیـالـێکـتـانـە دەبـوو بـە زمـانـی ئـەدەبیی یەکگرتوو. یا ئەگەر حوکمڕانانی دەستەڵات بەدەست لە هـەرکـام لـە نـاوچـەی بـەو دیـالـێکـتـە دووەدا دەسەڵاتـیـان بـەسەر هـەمـوو نـاوچـەکـەیـانـدا بـگـرتـایـە، بـنـەمـای ئـەوە دروست دەبـوو چەندین زمانی ئەدەبیی کوردی و لە ئەنجامی ئەوەوە چەندین زمانی جیاجیا، هەرچەند هەموویشیان پێیان بوترایە (کوردی)، پەیدا ببن و لە ئەنجامی ئەوەیشەوە چەند کوردستان پەیدا ببن و کەسیش ئەمڕۆ نەیدەتوانی گلەیی لە دابەشبوونی گەلی کورد بە چەند زمان و چەند گەل و کوردستان بە چەند کوردستان – بکا، وەك چۆن ئێستا ئینگلیزی ئینگلتەرە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە و دوو گەلی جیان بە یەك زمان دەدوێن، هەرچەند کەمێکیش جیاوازی لەنێوان دیالێکتی هەردوو لایاندا هەبێ بەڵام کـەمـتـر لـە جـیـاوازیـی دوو دیـالـێکـتـی کـوردیـی وەك سۆرانـی و هەورامی.

بـەڵام مـێژوو وا نـەهـات و لـەولایشەوە دیـالـێکـتـی گـۆرانـی بـە نەمانی میرنشینی ئەردەڵان پشت و پەنای نەما و لە سەرەوەیش مستەفا کەمال بە چەپۆکی ئاسنینی تیرۆر و زەبروزەنگ هەموو شتێکی کوردیی لە کوردستانی تورکیادا پێشێل و قەدەغە کرد و لە ڕۆژاوای کوردستانی عێراقیشدا تا ڕێککەوتنەکەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ کە لە چوارچێوەی یەکێتیی نووسەرانی کورددا یەکەمین یـەکـێـتـیـیـەکـی ئـەدەبـی بـۆ بـنـووسـانـی کـوردی دەڤـەری (بـادیـنـان) پـێـکـەوەنـرا، نـیشانـەی نـووسین بـە دیـالـێکـتـی کـرمـانجیی سەروو، بەدەگمەن نەبێ و لەسەر دەستی چەند کەسێکدا کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران، لە ئاسۆی دووری دواڕۆژەوە نەبێ دیار نەبوو. خۆ خوێندنی قوتابخانە ئەوە هەر هیچ. بۆیە هەر بارودۆخێکی سیاسی و مێژوویی بۆ پێکهاتنی زمانی یەکگرتووی کوردی پێك هاتبێ، تەنیا هەر بۆ دیالێکتی سۆرانی پێك هاتووە و بەرەوپێش چووە و زۆریش پێش کەوتووە. لەبەرئەمە هیچ ڕەوای حەق نییە دەست بەوەوە بنێین کە ئەم کەلەپوورە گەورەیە ببێ بە بنەمای زمانی کوردیی یەکگرتوو لە کوردستانی عیراقدا. هەر ئەمەیش سیاسەتی پێشەوای خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی بوو و بـەرنـامـەی پـێـخـوێـنـدنـی کـوردی کـە لـەژێر دەسـتـەڵاتـی وەزیـری کـاروبـاری بـاکـوور، خـوالـێـخـۆشبـوو مـوحـەممەد مـەحـمـوود عـەبـدوڕەحـمـانـدا بـەڕێوە دەچوو، هـەر لـەسەر ئـەم ڕێبـازە بـەڕێوە دەچوو . سیاسەتی حوکوومەتی هەرێمی کوردستانی ئێستایش،

وەك كاك نێچیرڤان بارزانی لە وتارەكەی لە ئاهەنگی كردنەوەی كۆڕی پێشووی زانیاری كوردستاندا كاتی خۆی ڕوونی كردەوە، هەر ئەم سیاسەتە ڕاست و دروستە بوو. قانوونی ئەكادێمیی كوردییش كە ئێستا لە بەردەستی پەرلەمانی كوردستاندایە بۆ لێكۆڵینەوە و پاشان مۆركردنی، هەر ئەم ڕێبازەی گرتووەتەبەر و ئەكادێمییش، بەپێی ئەم قانوونە، مەرجەع و سەرچاوەی بڕیاردەرە لە هەر بابەتێكی پێوەندیدار بەم مەسەلەیەوەدا.

مەسەلەی دروستكردنی زمانێكی ئامێتە لە هەردوو دیالێكتی سۆرانی و بادینانی كە وەزارەتی پەروەردەكردن خەریكە لەسەری دەڕوا و كۆمەڵێك كتێبی بۆ قوتابخانەكانی ئەمساڵ پێ لەچاپ داوە، سیاسەتێكی ناڕاست و نادروستە، وەك وتیشم سەری هەم لە قوتابی و هەم لە مامۆستایش شێواندووە و بێزاری و ناڕەزاییەكی لە ڕادەبەدەری هەم لە سۆران و هەم لە بادیناندا ورووژاندووە و خوێندنی ئەمساڵی ئەو پۆلانەی سەرەتاییی كە لەسەری دەڕۆن دەخاتە مەترسییەكی گەورەوە. بۆیە دەبێ تا زووە وەزارەتی پەروەردەی كوردستان لێی پاشگەز ببێتەوە و بگەڕێتەوە سەر ڕێبازی جارانی تا بڕیارێكی یەكجاریی چارەسەرساز دەردەچێ و نەهێڵێ ساڵێكی قوتابیانی كوردستان هەروا بەخۆڕایی بفەوتێ. مەسەلەی تێخزاندنی وشەی بادینانی و دیالێكتەكانی تری كوردی لە كتێبەكانی قوتابخانەكاندا بەرلەوەی فەرهەنگی سەرانسەریی هەركام لە دیالێكت و وردە دیالێكتەكان بنووسرێ و

بەرلەوەی فەرهەنگی سەرانسەریی کوردی لە هەموو ئەم دیالێکتانە پێك بهێنرێ (کە ئەویش پێویستییەکی ئێجگار ژیاریی زمانی کوردییە) ، مەسەلەیەکی دوّڕاو و سەرنەکەوتووە و منداڵی کورد دەکا بە کوردەکەی لە هەردوو جەژن بوو.

بەڵام ئەمەی کە تا ئێستا وتم لە نیوەی مەسەلەکە تێ ناپەڕێ و نیوەکەی تریشی کە لە بایەخدا هیچ لەم نیوەیە کەمتر نییە ئەوەتە کە شارەزایانی بواری پەروەردەکردن لە جیهاندا لەسەری هاودەنگن کە منداڵ دەبێ بە زمانی دایك فێرە خوێندەواری بکرێ و مەسەلەی بە سۆرانی فێرە خوێندن کردنی منداڵی بادینانی و بەپێچەوانەیشەوە جیاوازییەکی زۆری لەوە نییە کە ئەوسا منداڵی کورد تێکرا، بە سۆرانی و بادینانییانەوە بەعەرەبی فێرە خوێندن دەکران کە هیچیان لێ نەدەزانی و باوکان و دایکانی بادینانی یا هەر دیالێکتێکی تری کوردی تەواوی مافیان لەوەدا هەیە کە داوا بکەن و سوور بن لەسەر ئەوە منداڵیان بە دیالێکتی خۆیان پێی بخوێنرێ بێ ئەوەی مەسەلەی کارکردن بۆ دروستکردنی زمانی ستاندارد لەسەر بنەمای پێخوێندنی قوتابیان پشتگوێ بخرێ.

بۆیە من بە پێویستی دەزانم هەر لە ئێستەوە وەزارەتی پەروەردە دەست بداتە دانانی هەموو کتێبەکانی پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی سەرەتایی بە هەموو دیالێکتە سەرەکییەکانی کوردی عێراق، سۆرانی و بادینانی و هەورامی و خانەقینی، بەچەوتی

نازانم کارەکە ئەگەر زانرا پێویستە تا پۆلی شەشەمیش بگرێتەوە و دەبێ لەم کارەدا دیالێکتی سەرەکی لە ناو هەموو وردە دیالێکتەکانی هەر کام لەم چوار دیالێکتەدا کە ناوم هێنان، هەڵبژێرێ بۆ جێبەجێکردنی ئەم پێشنیایە.

هەروەها لام وایە دەبێ لە پاش هەر بابەتێکەوە لە کتێبەکانی هەر کام لەم دیالێکتانەدا واتای وشەکان بە دیالێکتی سۆرانی لێك بدرێتەوە، بۆئەوەی قوتابییەکان کە گواستیانەوە بۆ پۆلی چوارەم یا حەوتەم، کە لەوێوە ئیتر خوێندن بە دیالێکتی سۆرانی دەبێ لە هەموو لایەکی کوردستانی عێراقدا، سەرمایەیەکی باشیان لە دیالێکتی سۆرانیدا ببێ و بە چاکی لە دەرزەکانیان بەو دیالێکتە تێ بگەن . هەروەها بە پێویستی دەزانم لە پۆلی دووەمەوە دەرزێکی سادە و سووکی وشەکانی دیالێکتی سۆرانی بە قوتابیانی ناوچەکانی دیالێکتە سەرەکییەکانی تر بوترێتەوە بە مەبەستی ڕاهێنانیان لەسەر فێربوونی دیالێکتی سۆرانی و پۆل بە پۆل ئەم دەرزە وردەوردە خەست و خۆڵتر بکرێتەوە. لایشم پێویستە لە پشووی ئەمساڵەوە خولی فێرکاری بۆ مامۆستایانی ناوچەی بادینان بکرێتەوە بۆ فێرکردنیان بە دیالێکتی سۆرانی و سەرەتاکانی گرامەری ئەم دیالێکتە. ئەم خولە بۆ مامۆستایانی ناوچەی هەورامان و خانەقین پێویست نییە چونکە ئەوان تا ڕادەیەکی باش شارەزای دیالێکتی سۆرانین. دەبێ لەم خولانەدا ئەوەیش ڕەچاو بکرێ کە مامۆستای چاك لە ناو شارەزایانی

دیالێکتی سۆرانیدا هەڵبژێردرێن بۆ دەرزوتنەوە و موحازەرەدان. وەك کارێکی کاتییش دەبێ دەست بکرێ بە دانانی فەرهەنگێك کە هەموو ئەو وشانە بگرێتەوە کە لە کتێبەکانی هەر سێ یا شەش پۆلەکەی دەرز وتنەوە بە هەر چوار دیالێکتەکەدا هەن بۆ یارمەتیدانی چ مامۆستا و چ قوتابی لەسەر فێربوونی دیالێکتی سۆرانی لە هەموو ئەو دەڤەرانەدا کە بەم دیالێکتانە دەدوێن.

لام وایە پاش جێبەجیکردنی ئەم پێشنیایانە ئیتر فێرکردنی قوتابییانی قۆناغی یەکەمی خوێندنی بنەڕەتی (١ – ٦) بە دیالێکتی سۆرانی بە باشی دەڕوا و تەگەرەیەکی ئەوتۆی نایەتەڕێ و ئەگەر ئەمە وابوو دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین بەردی بنەڕەتی دانانی زمانی ئەدەبیی کوردیی یەکگرتوومان داناوە.

**پ: د. مارف خەزنەدار دەڵێ: ″زمان ڕووداوێکی کۆمەڵایەتییە، نە بە فەرمان دروست دەکرێت، نە لە کارخانەشدا دادەڕێژرێت″. تۆ تا چەند لەگەڵ ئەم ڕایەی دکتۆر مارفدایت؟ ئەگەر وایە، ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتییانە چین بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو ئامانجە بهێنرێتە دی؟ ئایا تا ئێستا ئەو دەرفەتە نەڕەخساوە؟**

و: ڕاستە زمان چ یەکگرتوو بێت و چ یەکنەگرتوو، بە فەرمان دروست نابێت و هەروا لە کارخانەیشدا داناڕێژرێت، بەڵکو واقیعی ژیانی خەڵکەکە دروستی دەکات و دایدەڕێژێت. بەلام لەگەڵ ئەم ڕاستییەیشدا، دکتۆر مارف، ئەوەندەی ئێوە ڕایەکەی ئەوتان

خستووەتە بەردەستی من، ڕێگایەکی بۆ ئاسانکردنی چارەسەری ئەم گیروگرفتە پێشنیا نەکردووە کە لەناو ئێمەدا بە گیروگرفتی (سۆرانی و بادینانی) ناوی دەرکردووە. من لەو باوەڕەدام کە ئەو هۆیانە زۆر و لێك جیاوازن کە سەرەنجام دەبن بە مایەی پەیدابوون و چەسپاندنی زمانی یەکگرتووی نەتەوەیەك، بەڵام لایشم وایە کەس ناتوانێ ئینکاری ڕۆڵی کاریگەری سەرکردایەتیی سیاسیی نەتەوەیەك بکا لە دروستکردن و چەسپاندنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی ئەو نەتەوەیەدا.

یەکێك لەو هۆ کۆمەڵایەتییانە بازاڕی یەکگرتووی وڵاتی ئەو نەتەوەیەیە. ئەگەر بارێکی وا بۆ نەتەوەیەك بڕەخسێ هەموو نیشتمانەکەی لە ناوخۆدا بە زنجیرە بازاڕێکی پێکەوە پێوەندی کاریگەر ببەسترێتەوە بەیەکەوە، دەرفەتێکی گەورەیش بۆ پەیدابوونی زمانی یەکگرتووی ئەو نەتەوەیە و لەوانەیشە لەسەر بنەمای مەڵبەندی سەرەکیی ئەو بازاڕە یەکگرتووە، پێك دێ. بۆ نموونە ئەگەر لە کوردستانی عێراقدا چەند (زاخۆ)یەکی وەك زاخۆی مەڵبەندی ئێستای پێکەوە بەسرانی بازاڕی کوردستان و تورکیا هەبوایە کە لەم دە پازدە ساڵەی پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کوردستاندا ڕۆڵێکی گەورەی لە پێکەوە بەستنی سۆران و بادیناندا گێڕاوە و ئەو (زاخۆ)یانە وڵاتیان بە تۆڕێکی بازرگانی لە ناوخۆدا پێکەوە و لە دەرەوەیش بە وڵاتانی دراوسێیانەوە ببەستایەتەوە و هەموویشیان یا زۆرتریان بە یەك دیالێکتی پێدوان بدوانایە،

هەرچەند دیالێکتی پێدوانی تریش لە ناوچەکانی دەرەوەی ئەو (زاخۆ)یانەدا هەبوایە و با حکوومەتێکی یەك پارچە و یەکگرتووی وایش لە کوردستاندا نەبوایە کە خەبات بۆ هێنانەدیی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو لە ئەستۆی خۆی بگرێ، هەلومەرجێکی گەورە و سەرەکی بۆئەوەی دیالێکتی پێدوانی مەڵبەندی هەموو ئەو بازاڕە یەکگرتووانە ببێ بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی نەتەوە – دەهاتە دی، بەڵام کورد واتەنی «ئەگەریان چاند سەوز نەبوو».

یەکێکی تریش لەو هۆیانە هۆی کولتووری و بوونی پشتەوانەیەکی سیاسییە وەك ئەوەی لە سەرەتای ئیسلامدا بۆ عەرەب هەڵکەوت کە قورئان بە زمانی قورەیش هات و قورئانی بە عەرەبیی قورەیشیش – هاتوو بوو بە بنەمای کولتووری ئیسلامی کە حکوومەتی پێغەمبەر و خەلیفەکانی و پاشانیش دەوڵەتگەلی ئومەوی و عەبباسیی لە پشتەوە بوو. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە دیالێکتی قورەیش ببێ بە بنەمای دامەزرانی یەك زمانی عەرەبیی یەکگرتوو کە جێگای بۆ هیچ کام لە دیالێکتەکانی تری عەرەبی لە سەرانسەری حیجاز و هەموو دورگەی عەرەبدا نەهێشتەوە، بەڵکو لەوە زیاتریش بوو بە زمانی کولتووریی تاقانە یا سەرەکیی هەموو گەلانی موسوڵمان و تا سەرهەڵدانی هەست و بیری نەتەوەیی لە هەرکام لە وڵاتە موسوڵمانە ناعەرەبەکاندا هەروەك سەرچاوەی یەکەمی کولتوور مایەوەو پاش ئەوەیش لە تورکیای کەمالی و کۆمارە موسوڵمانەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا نەبێ

هــەروەك یــەكـێك لــە گــەورەتــریـن سەرچــاوەكــانـی كـولـتـووری نیشتمانیی ئەو وڵاتانە بوو.

لـەبـارەی بڕگـەی دواییـی ئـەم پرسیـارەیشتـانـەوە كـە ئـاخـۆ ئـەو دەرفـەتـی پـێكـهـاتـنـی زمـانـی ئـەدەبـیـی یـەكگـرتـووە ڕەخساوە یـا نەڕەخساوە، من لام وایە ئەو دەرفەتە دەمێكە خەریكە دەرەخسێ و بەڵكو ڕەخساویشە ئەگەر لایەنێك هەبێ بیخاتە كار، پێشتریش هێمام بۆ ئەمە كرد و ئێستایش بە شێوەیەكی ڕوونتر دەڵێم: هەر لەو سەردەمەوە كە شیعری قوتابخانەی بابان و سێ كوچكەكەی ئەو شیعرە كە (كوردی) و (نالی) و (سالم)ن ، پەیدابوون و لە پاڵ ئەم شیعرەدا پەخشانی كوردییش لە عەقیدەكەی مەولانا خالید و مەولوود نامەكەی شێخ حوسێنی قازیدا سەری هەڵداوە و دوای ڕووخانی چەرخی بابانییەكانیش، ڕێچكەی شیعری قوتابخانەی بابانی هەر بەردەوام بوو و زۆریشی پێ نەچوو ئیحتیلالی ئینگلیز و حوكومەتی شێخ مەحموود بنەمای پەخشانێكی نوێی كوردیی گەشەكردوویـان دانـا و ئـینـجـا خوێندنی كوردی بـە دیـالێكتـی كرمـانجیـی خـواروو (سۆرانـی) دەستـی پـی كرد و لـەملا و لـەولا هەندێ گۆڤاری كوردی بە دیالێكتی كرمانجیی خواروو دەرچوون و وردەوردە بڵاوكردنەوەی كتێب هەر بەم دیالێكتە دەستی پێ كرد و لــەگــەڵ هــەمــوو هــەوراز و نشێوێكـیشدا كـە هــاتــووەتــە ڕێی بەكارهێنانی كرمانجیی خواروو بۆ پێخوێندن و بەكارهێنانی لە مـامـەڵـەی ڕەسمـیـدا، تـێكـڕا هـەر لـە گـەشەكردندا بـووە، واتـە وەك

دیالێکتی (گۆرانی) و (کرمانجیی سەروو)ی بەسەر نەهات کە لە ڕادەیەکدا بووەستێ و تا ئێستایش لە نیشتمانی سەرەکییاندا نەکەوتوونەتەوە گەڕ، بەڵام ئەم، واتە کرمانجیی خواروو، لە هاتنە مەیدانیەوە تا ئێستا هەر بەردەوام بووە و کەم و زۆر گەشەی کردووە و پەیدابوونی ڕادیۆی کوردییش لە زیاتر لە یەك شوێندا خزمەتێکی زۆری نەك تەنیا بە گەشەکردنی، بەڵکو بەگوێی کوردانی بە دیالێکتە کوردییەکانی تر – دوویش ئاشنا کردووە. لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز و بەتایبەتی پاش ڕێککەوتنەکەی ئاداری ١٩٧٠یش دوو قەڵەمبازی گەورەی لە بواری گەشەکردن و بەکارهێناندا نا و وەك پێشتریش باسم کرد هەڵوێستی بارزانیی مەزن لە ڕەفزکردنی بەکارهێنانی هەر دیالێکتێکی تری جگە لە سۆرانی لە قوتابخانەکان و دائیرەکانی دەوڵەتدا، ئەو ڕاستییەی وا چەسپاند کە تەنانەت ڕژێمی دوژمن بە کوردی بەعسیش پاش پاشگەزبوونەوەی لە ڕێککەوتننامەکەی ١١ی ئادار نەیتوانی بەتەواوی قەڵەمی کوژاندنەوە بەسەر خوێندن بە کوردیدا بهێنێ.

ئێستایش کە حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان هەیە و وەك کاك نێچیرڤان بارزانی لە وتارەکەی ئاهەنگی کردنەوەی تەلاری کۆڕی زانیاری کوردستاندا ڕۆژی ٢٤/١٢/٢٠٠٥ جەختی لەسەر کردەوە، سوورە لەسەر چەسپاندنی بنەمای زمانی یەکگرتووی کوردی، حوکوومەتی یەکگرتووی کوردستان دەتوانێ و لەسەریشی پێویستە ئەم بنەمای بەکارهێنانی یەك دیالێکتە لە

هەموو لایەکی کوردستانی عێراقدا پراکتیکە بکا کە دەبێ هەر دیالێکتی کرمانجیی خواروو (سۆرانی) بێ، لەبەر ئەو هۆیانەی پێشتر باسمان کردن، با چەند ساڵێکیش چەردەیەك ناڕەحەتی و مەینەتی بۆ زارۆیانی دەڤەری بادینان بەدەمەوە بێ. پاش ئەو چەند ساڵە هەموو وەچەی نوێی بادینانی فێری دیالێکتی سۆرانی دەبن و هیچ گیروگرفتێك لەم ڕووەوە نامێنێ. یەکخستنی دیالێکتی پێخوێندن لە کوردستاندا پێویستییەکە قابیلی پشتگوێ خستن و دواخستن نییە و هەر لارییەك لە ئاستی زمانی یەکگرتووی پێخوێندنی کوردی و مامەڵەپێکردنی لە دەزگاکانی دەوڵەتدا، وڵاتەکەمان دەکا بە چەند پارچەی تریشەوە، ئەوەیش تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بە گەلی کورد و بە زمانی کوردی و مێژوویش هەرگیز ئەو تاوانە بۆ کەس نەدەپۆشێ و نەدەبەخشێ.

نابێ ئەوەیش لە یاد بکەین کە ئەگەر خەڵکی دەڤەری سۆران نەتوانن باش لەگەڵ خەڵکی دەڤەری بادینان بئاخڤن، ئەمان، واتە خەڵکی دەڤەری بادینان، لەم ڕووەوە حاڵیان گەلێ چاکترە، ئەمان لە سایەی پێخوێدن و پێنووسینی سۆرانییەوە لە سەرەتای ساڵەکانی حەفتاوە وردە وردە چەردەیەك سۆرانی فێربوون کە لەو ساڵانەوە تێکرا بە سۆرانی دەیانخوێند و ئەگەر گرفتێك لە ئارادا بێ تەنیا بۆ زارۆیانی پۆلە سەرەتاییەکانە و لەوەپاش و ساڵ لە ساڵ باشتر ئەم گرفتەیان نامێنێ و ئەم قورساییەیان بۆ ئاسان دەبێ. بە هەرحاڵ مەسەلەکە بە هەر جۆرێکیش لێکی بدەینەوە سۆرانی

سەدیەکی عەرەبی گران نییە بۆ بادینانی کە ساڵەهای ساڵ و هەر لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی عێراقەوە تا سەرەتای ساڵانی حەفتا زمانی پێخوێندنی منداڵ و مێردمندالان و لاوانی بادینان بووە تا کۆلێژیشیان تەواو کردووە و پێشیش کەوتوون تیایدا و سەدان زانایان لە هەموو پسپۆڕییەکدا تێدا هەڵکەوتووە. زمان نییە لە جیهاندا چەندین دیالێکتی نەبێ و نەتەوەیش نییە بە هەموو دیالێکتەکانی زمانەکەی بخوێنێ و هەموو دیالێکتەکانی زمانەکەی لە دەزگاکانی دەوڵەتەکەیدا بەکاربهێنرێن، ئیتر بۆ دەبێ ئێمەی کورد لە هەموو ئەم عالەمە بەدەربین و لەناو چوار ملیۆن کوردی عێراقدا چوار زمان بۆ خۆمان دروست بکەین؟

بۆیە هیوام وایە سەرەکایەتیی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێم و پەرلەمانی هەرێم بە چاوی بابەتێکی وا بڕواننە ئەم مەسەلەیە کە قابیلی لێگەڕان نەبێ و جڵەوشۆڕکردن بۆ کەسانێکی هەست بە لێپرسینەوە نەکردوو لەم بوارەدا بە هیچ جۆرێ لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەدا یەك ناکەوێ. من بەش بەحاڵی خۆم، هیچ گومانم لەوەدا نییە کە دەستگەلێکی چەپەڵی هەندێ کۆڕ و کۆمەڵ لە دەوڵەتانی دراوسێماندا کە لە دوارۆژی خۆیان دەترسن و لە ڕاستبوونەوەی نەتەوەی کوردی بن دەستیان زارەترەك بوون، هەروەها پاشماوەخۆرانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس کە لە هەموو لایەکی کوردستاندا هەن و زۆریان لە هەندێ دەزگای کوردستانیشدا دەتوانن کنە بکەن و دەنگیان دەڕوا، ڕۆڵێکی گەورە

لـە دروستـکـردن و لـە تـوندوتـیژکـردنـی ئـەم کـێشەیـەدا دەبـیـنـن و نـاهـێڵن گرفتەکە لە ڕێگای گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی خوێندەوارانەوە چـارەسـەر بـکـرێ. بـۆیـە دەبـێ نـیشتـمـانـپـەروەرانـی کـورد، لـەپـێش هـەمـوویـانـەوە نـیشتـمـانـپـەروەرانـی بـەغـیـرەتـی بـادیـنـان دەوری نەتەوەییی خۆیان لەم بوارەدا ، بۆ پاراستنی یەك پارچەییی زمانی کوردی و گەلی کورد، بە هەموو توان و لێهاتووییەکەوە ببینن.

**پ: پێشتر شێوەزاری ناوچەی سلێمانی بەسەر زمانی کوردیدا زاڵ بوو، بەڵام ئێستا شێوەزاری سلێمانی لە بەرامبەر شێوەزاری موکریانیدا پاشەکشەی کردووە. لە هەمان کاتدا هەندێك زمانزانان و نووسەران بەلای شێوەزاری موکریانیدا شکاونەتەوە. هۆکاری ئەمە چییە؟**

و: بەر لەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە دەمەوێ بڵێم من دەقی پرسیارەکەتانم وەك خۆی نووسییەوە و ڕێگای خۆمم نەدا دەسکاریی بکەم نەوەك من بم بە هەڵە چووبم و لە پرسیارەکەتان نەگەیشتبم و ئێوە ڕاستتان نووسیبێ، ئەگینا لام وایە لقی «لە هەمان کاتدا.. »کەتان تا دەگاتە دوایی، زیادە و پێویستمان پێ نییە چونکە هیچ جیاوازییەکی لە ناواخندا لە لقی پێشەوەی تێدا بەدی ناکەم تەنیا ئەوە نەبێ کە «هەندێك لە زمانزانان و نووسەران..»ەکەت بە ڕەهایی هێشتووەتەوە و وەك لە لقی یەکەمدا کورتت هەڵنەهێناوە لەسەر سلێمانی.

ئینجا دێمە سەر وەڵامی پرسیارەکە و دەڵێم:

بەر لە هەرچی من ئەم مەسەلەیە بە گرفتێکی ئەوتۆ نازانم کە مەترسییەکی گەورەی لە بواری بەکارهێنانی شێوازارەکاندا لێ بکرێ، لایشم وایە گیرسانەوە لەسەر یەك شێوەزار لە نووسیندا و لەناو خودی یەك دیالێکتدا، ئەرکێکی ئەوەندە گران نییە وەك ئەرکی چارەسەکردنی جیاوازیی نێوان دوو دیالێکتی سۆرانی و بادینانی. کورۆکی مەسەلەکە لە بەکارهێنانی چەند وشەیەکی وەك (دی) بەرامبەر (تر) و (ئیدی) بەرامبەر (ئیتر) و پێشگری (دە) لەجیاتیی (ئە) و زەرفی وەك (تێدا) لەجیاتیی (تیا) و پاشگری (دا) لەجیاتیی (ا)یێکی ڕووت وەك لە (تێدا) و (تیا)دا، تێ ناپەڕێ. سەرچاوەی پەیدابوونی ئەم دیاردەیەیش، بە بۆچوونی من، بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە. یەکەم: حەزێکی ڕەوای نزیکخستنەوەی شێوەزاری سلێمانی و شێوەزاری موکریان و هەولێر و هەندێ شوێنی تر لە یەکتر کە ئەویان (ئە) و ئەمانیان (دە) بەکار دەهێنن. دووەمیش: هاتنە کوردستانی عێراقی چەند شاعیر و بنووسێکی موکریانی وەك (هەژار) و (هێمن) و (مەلا عەبدوڵڵای حەسەن زادە) و (کەریمی حوسامی) و کەسانیکی تر کە بە شێوەزاری موکریانی شیعر و نووسینەکانی خۆیانیان بڵاوکردوەتەوە و هەروەها ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی تری برا کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان. ئەگەر لە خودی خۆیشم دەپرسن، من لەکاتێکدا بە هەر هەنگاوێکی نا

بەزۆر و ساختە پێخۆشحاڵم کە ببێ بە هۆی لێك نزیك خستنەوەی شێوەزاری هەر دوو کۆمەڵە کوردێك، وەك ئەوە کە (ئە) بکرێتەوە بە (دە) ، لەسەر ئەوەیش سوورم کە لە (دە) و هاوچەشنەکانیدا بەپێی قانوونی سروشتیی بەرەو ئاسانکردنی زمان چوون (دە) کراوە بە (ئە) و (تێدا) کراوە بە (تیا) و (منداڵ) کراوە بە (مناڵ) و (ت)ی دوای کارەکانی ئێستا و لەمەولای وەك (دێت) و (دەچێت) و هاوچەشنەکانیان قووت دراوە و وشەکان بوون بە (دێ) و (دەچێ). نموونەی ئەمانە لە دیالێکتی سلێمانیدا زۆرن و ئێرە دەرفەتی درێژەپێدانی ئەم بابەتە نییە.

بەڵام هەر لەم بوارەدا شتیکی پڕ بایەخ هەیە لام ڕەوا نییە بیبوێرم و لێی نەدوێم. سەیرێکی دیوانی نالی بکە هەرچی پێشگری کرداری ئێستا و لەمەولای تێدایە هەمووی بە (دە) دەست پێ دەکات، بەڵام لە دیوانی مەحویدا کە پاشتر لە دیوانی نالی دانراوە هەمووی بە (ئە) دەست پێ دەکا، وەك لە یادم بێ بەدەگمەنیش (دە)ی تێدا نییە و هەر (ئە)یە. لە دیوانی نالیدا کەمە کەمەیەك زەرفی وەك (تیا) ، با بۆ وەزنی شیعریش بێ، لەجیاتیی (تێدا) دەبینرێ، ئەمەیش وا دەگەیەنێ (تێدا) لە قۆناغێکی پێشتر لە بوونی (دە)دا بە (ئە) بووە بە (تیا). ئەمە لە کاتێکدا نالی کە هەر (دە)ی بەکارهێناوە جافی مکایلییە و جافیش تێکڕا (ئە) بەکار دەهێنن، بەڵام مەحوی کە پێشگری کرداری ئێستا و لەمەولا لە دیوانەکەیدا هەمووی (ئە)یە، تەنانەت ئێستایش هەر وا دەکەن.

باڵخی و ماوەتییە و خەڵکی تێکڕای ئەو ناوچەی ئالان و سیوەیلە (دە) دەکەن بە پێشگری کرداری ئێستا و لەمەولایان.

بە هەرحاڵ من ئێستا هەرچەند بۆ خۆم ئەوەندە بەسەر بیری خۆمدا زاڵ نیم لە یادم بێ لە هەموو شوێنێکدا لە جیاتیی (ئە) بنووسم (دە) و لە بریتیی (تیا) بنووسم (تێدا) و هەروەها لە هەر هاوچەشنێکی لەم بابەتەیاندا، ئەوەم پێ باشترە هەموو (ئە)یەك بکرێ بە (دە) و هەموو (تیا)یەك بکرێ بە (تێدا) و هەروەها هاوچەشنەکانیان کە پیتی (د)یان تێدا گۆ ناکرێ گۆ بکرێنەوە، چونکە ئەم کارە کۆمەڵێك وشەی ساغمان بۆ دەگێڕێتەوە، سەرەڕای هەنگاوی لێك نزیك خستنەوەی شێوەزاری موکریان و هەولێر و کۆیە و سۆران لە شێوەزاری سلێمانی.

**پ: دەتوانین بڵێین ئەو تێکەڵاوییەی لە زمانی کوردیدا هەیە لە ئێستادا، جیاوازیی نییە لەو ڕایەی کە دەڵێ: زمان بە بڕیارێکی سیاسی، یان وەك دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێت «زمان بە فەرمان دروست نابێت یان لە کارگەدا دانارێژرێت». ئەمە پاشەکشە نییە؟**

و: مەبەستتان لە کام تێکەڵاوییە؟ ئەگەر مەبەستتان لەوەیە کە ئـێستا شێوەزاری سلـێمـانـی و شێوەزاری مـوکـریـانـی لـە چـەند وشەیەکدا کە دەتوانین دەستنیشانیان بکەین، لێك نزیك دەکەونەوە، ئەوە لە وەڵامی پرسیاری پێشووتاندا ڕای خۆمم لە بارەیەوە بۆ

ڕوون کردنەوە، ئەگەر مەبەستێکی تریشتان لێی هەیە، ئەوا من لەو مەبەستەتان حاڵی نەبووم و بۆیە وەڵامم بۆ نادرێتەوە. لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا منیش وتم ڕاستە زمان بە فەرمان دروست نابێ، هەرچەند فەرمانیش لە قۆناغێکی تایبەتیدا دەتوانێ و پێویستە ڕۆڵی خۆی لە یەکخستنی زمانی پێخوێندنی قوتابخانەکان و ڕاییکردنی مامەڵەی ڕەسمی لە دائیرەکاندا هەبێت.

هەروەها لەوەیشتان حاڵی نەبووم کە وتتان: «ئەمە پاشەکشە نییە؟» پاشەکشە لە چی؟ ئەگەر مەبەستتان ئەوەیە ئەمڕۆ لە بادیناندا هەیە کە قوتابی بە دیالێکتی بادینانی دەخوێنێ و ئەمە پاشەکشەیە لەو سیاسەتەی کاتی خۆی بارزانی لەسەری بوو و وەزارەتی کاروباری باکور لەسەری دەڕۆیشت کە کتێبی پێخوێندن هەمووی بە سۆرانی بوو و جاروبار وشەی بادینانیشی تێ دەخزێنرا، بەڵێ دیارە پاشەکشەیە، بەڵام سیاسەتەکەی ئەو کاتەی وەزارەتی کاروباری باکووریش وەنەبێ لە هیچ ڕوویەکەوە کەموکورتیی تێدا نەبووبێ. یەکەم ئەوەی ئەو سەردەمە کرا کە هێنانی هەندێ وشەی دیالێکتی بادینانی بوو بۆ ناو دەقی کتێبەکان، ئەوە هەڵە بوو، چونکە قوتابیی ناوچەی بە سۆرانی دوو نەیاندەزانی واتای ئەو وشانە چییە و کە پێیشیان دەوترا بەئاسانی و زوو بۆیان لەبەر نەدەکرا و پێویستی ڕەوای منداڵانی بادینانیشی لە خوێندن بە زمانی دایکدا نەدەهێنایە دی، هەرچەند

بنەمای سیاسەتەکە کە خوێندن بە یەك دیالێکت بوو بە مەبەستی یەکخستنی زمانی پێخوێندن لە کوردستاندا، بنەمایەکی ڕاست و دروست بوو و مەبەستەکەیش هەروا مەبەستێکی پێویست بوو و ئێستایش هەر وان، هەر بۆیەیش من لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا پرۆژەیەکی، بە بۆچوونی خۆم، دروستم بۆ چارەسەرکردنی ناتەواوییەکانی ئەو سیاسەتە دارشت کە بریتی بوو لە پێخوێندنی منداڵانی سەر بە هەر دیالێکتێك بە زمانی دایکیان لە قۆناغی پۆلی (١) تا (٣) یا ئەوپەڕەکەی تا (٦) لەگەڵ جێبەجێکردنی هەندێ مەرجی پێویست کە لە وەڵامەکەمدا بە باشی ڕوونم کردوونەتەوە.

**پ: هاوبەشییەك دروست بووە لە نێوان شێوەزارەکانی سۆرانیدا، کەچی ئەو نزیکبوونەوە ڕووی نەداوە لە نێوان هەردوو شێوەزاری سۆرانی و بادینانیدا، بەتایبەت لەم دواییانەدا دەبینین پرۆگرامی خوێندن لە قۆناغەکانی سەرەتاییەوە تا سەرووتر بە شێوەزاری بادینی دانراوە. بەڕای ئێوە هۆکاری ئەو دوورکەوتنەوە چییە لەم کاتەدا؟**

و: شێوەزارەکانی دیالێکتی کرمانجیی خواروو یا سۆرانی ئەوەندە لە یەکەوە دوور نین دوورییەکەیان ببێ بە کۆسپ لە ڕێی پێکەوە ئاخاوتنی ئەوانەدا بەم شێوەزارانە قسە دەکەن و لە یەکدی گەیشتنیان. لەبەرئەوە ئەگەر بەجۆرێکیش لێك نزیك ببنەوە کە ببێ

بـه مـایـەی لـە نـاوچـوونـی یـەکێك یـا هـەندێکیـان هـیـچ زیـانێکی زمـانیمـان پێ نـاگـەیـەنێ و، لـەم بوارەدا من پێم وایە بـاشترین کـار بیکەین ئەوەیە وشە لێك جیـاوازەکانی هـەر شێوەزارێك لـە ڕێگای بنووسانی هـەر شێوەزارێکیـانـەوە لـە نووسینیـاندا بـە شێوەزارەکەی خۆیـان بـەکـاربـهێنن ، مـادەم هـەموان تێکڕا لـەو وشـانـە حـاڵی دەبن، بۆئەوەی وردەوردە ئەو وشـانـە نەتـەوەیی بکرێن واتـە بکرێن بـە موڵکی هـەموو نـەتـەوە. بـەمـە ئـەوەمـان بۆ دابین دەبێ کـە ئـەم وشـانـە بـکـرێن بـە وشـەی هـاوبـەش لـە هـەمـوو شێوەزارەکـانـدا. بـۆ بـەڵگـە هـێنـانـەوە لـەسـەر ڕاستـی و دروستیـی ئـەم بـۆچـوونـە، بـەڵگـە بـەوە دەهێنمەوە کە ئەم هەموو وشە هـاوبـەشانـەی لـە زمـانی عـەرەبدا هــەن و ئـێستـا کـەسـانـی بـە عـەرەبـیـی ڕەوان (فـصیـح) نـووس هـەموویـان بـەکـاردەهێنن، لـە سەرەتـادا هـەریـەکە هـیی خێڵێك یـا چـەنـد خـێڵـێکـی تـایبـەتـی بـوون و فـەرهـەنگ نـووسـەکـان کـۆیـان کـردوونـەتـەوە و خستـویـانـنـەتـە نـاو فـەرهـەنـگـی سـەرانسـەریـی عـەرەبـەوە و هـەر ئـەمـە ڕووی داوە و مـەسـەلـەکە بـەم جـۆرە بووە.

بـە بۆنـەی قسـە لـەم بـابـەتـەوە من پێشنیـای ئـەوە دەکـەم سیمینـارێك بۆ لێزانـانی ئـەم شێوەزارانـە ببـەستری بـەمـەرجێ بـاش خۆی بۆ ئـامـادە بکرێ و کـەسانی بـەڕاستی شایـان و لێهـاتوو سیمینـارەکـە بـەڕێوە بـەرن و تیـایدا بـەشداری بکـەن بۆ ئـەوەی بتوانن بنـەمـایـەکی ڕاست بۆ یـەکخستنێکی درێژخـایـەنی ئـەم شێوەزارانـە دابمـەزرێنن. وەك هـەموان دەزانن لـەسـەر ئـاستی جیهـانی سـاڵ بـە سـاڵ چـەندین

زمانی وا کە ژمارەی قسە پێکەرانیان زۆر کەمە و ناتوانن بە فریای پێویستییەکانی ئەو خەڵکانەدا بگەن کە پێیان دەدوێن، لە ناودەچن و پێدووەکانیان دەگوێزنەوە بۆ بە زمانی خۆکردنی زمانی تری وا کە بە هۆگەلی جیاوازەوە فێریان بوون و کاری خۆیانیان پێ ڕایی دەکەن، وەك لە ناو خێڵەکانی ئەفەریقادا کە بەهۆی ساڵەهای دوور و درێژی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و فەرەنسەیییەوە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسەییان لە ناودا بلاو بووەتەوە، هەرچەند لەم بوارەیشدا ناتوانین دەسەلاتی ئەو دوو ئیمپریالیزمە بێ گوناهـ دەرکەین کە لە سەردەمی حوکمڕانیی خۆیاندا کارێکیان نەکردووە هەندێك لە زمانەکانی ئەو خێلانە کە بۆ ئەم مەبەستە دەست بدەن، گەشە پێ بکەن و خزمەتیان بکەن تا هەریەکەیان ببێ بە زمانی نیشتمانیی چەند خێڵێك لەو خێلانە.

بە هەرحاڵ ئەمە بابەتی لێدوانی ئێمە نییە لەم موناسەبەتەدا، من هەر ئەوەندەم دەوێ بڵێم لە حاڵێکدا کە سالانە چەندین زمان لە زمانەکانی خێڵەکان و گەلانی ولاتانی پاشکەوتوو لەناودەچن، چ خراپەیەکی تێدایە ئەگەر ئێمە بەردی بناغەی یەکخستنی شێوەزارەکانی هەر کام لە دیالێکتەکانی زمانەکەمان دانێین و لە هەر کامیان کام وشە بۆ شوێنێك شایانتر بێ لە هەموان، هەڵی بژێرین و لە شێوەزاری یەکخراودای بچەسپێنین؟

بەش بەحاڵی بەشی دووەمی پرسیارەکەیشتان، دەمەوێ بڵێم لە

وەڵامی پرسیارەکانی پێشووتاندا زۆر لەم بابەتە دواوم و نامەوێ بێمەوە سەری چونکە لەوە سڵ دەکەمەوە قسەکانم شێوەیەکی وروژێن وەربگرن و، لام وایە ڕاو ڕێگای چارەسەر لەو وەڵامانەدا بە باشی دەبینن. لێرەدا هەڵوێستی خۆم لەوەندەدا دیاری دەکەم کە کردنی بادینانی بە زمانێکی ڕەسمی بۆ پێخوێندنی کوردی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا و هەروەها کردنی بە زمانی مامەڵە پێکردن لە دائیرەکانی دەوڵەتدا لە هەموو کوردستانی عێراق یا تەنها لە بادینان ، هەڵەیەکی گەورەیە و دەبێ ئەم مەسەلەیە لە کۆنگرەیەکی زانستیی نیشتمانی و نەتەوەییدا بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەیەکی ورد و بەرپرسانە و زانایانە و چارەسەری ڕاستی یەکجاری بۆ بدۆزرێتەوە، لام وایە ئەو بابەتەی من لە وەڵامی پرسیاری یەکەمتاندا نووسیومە زەمینەیەکی باش بۆ ئەم مەسەلەیە فەراهەم دەکات.

من لام وانییە هەوڵی بە بادینانی کردنی خوێندنی کوردی تەنیا لە سووریەوە لەسەر بەرژەوەند و مافی ڕەوای زارۆی بادینانییەوە لە خوێندن بە زمانی دایکیەوە هاتبێ. بەشێکی گەورەیشی دەگەڕێتەوە بۆ هەستێکی ناڕەوای ناوچەگەری و خاڵییش نییە لە هەست نەکردن بە بەرژەوەندی نەتەوەیی و نەترسان لە دابەشبوونی کورد بە چەند نەتەوە و کوردستان بە چەند وڵات. بۆیە و بۆئەوەی ئەم مەسەلەیە، وەك گیروگرفتێکی نەتەوەیی، لە چوارچێوەی شایانی خۆی دەرنەچێت، دەگەڕێمەوە

بـۆ جـەختـکـردن لـەسەر گـرتـنـی کـۆنـگـرەیـەکـی وەك ئـەوەی بـۆ یەکخستنی شێوەزارەکانم پێشنیا کرد، کۆنگرەیەکی وا بە بەشدار تێدابووەکانی، بە باس و لێکۆڵینەوە بۆ ئامادەکراوەکانی و بە سنگ فراوانیی وتە تێدا بێژەکانی و پابەندبوونیان بە دابونەریتی گفتوگۆ و دەمەتەقێی دیموکراتییانەوە، بتوانێ چارەسەری ئەم مەسەلەی خوێندن و مامەڵەکردن بە چەند دیالێکتە بخاتە قالبێکی واوە کە پێویستە سەرەکییەکانی بە دیالێکتە جیاوازەکان دووەکانیش و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییش ڕەچاو بکا و لەسەر ئەم بنەمایە ئەو ئەنجامانە ڕابگەیەنێ کە لەپاش توێژینەوە و لێکۆڵینەوە دەیانگاتێ و ئەم کارە تا زووتر بکرێ درەنگە و دەبێ هەموو توێژاڵەکانی ڕۆشنبیرانی کورد کە دەتوانن لەم بوارەدا شتێك بڵێن و شتێك بکەن تێیدا بەشدار بن.

**پ : ئێستا میراتێکی زۆر کەڵەکە بووە کە چەند ساڵە بە شێوەزاری سۆرانی دەنووسرێتەوە، کەچی لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵێك هاتوەتە ئاراوە بۆ بەکارهێنانی پیتی لاتینی لە نووسینی کوردیدا. ئایا بەکارهێنانی پیتی لاتینی پشتکردن نییە لەو خەرمانە نووسراوەی کە بەرێزتان ئاماژەتان پێ دا و زیانەکانی چین؟**

و: من لەگەڵ ئەوەیش کە بە پێویستی دەزانم نووسین بە پیتی ئەلفوبێی لاتینی، وەك بەشێك لە بەرنامەی خوێندن، فێری هەموو

قوتابیانی کوردستانی عێراق بکرێ، هەر لە سێیەم یا چوارەم ساڵی خوێندنەوە و تا دەگاتە بەر دەرگای زانکۆ بۆئەوەی لە خوێندنەوەی بەرهەمی برا کوردەکانی تورکیا و کوردەکانی سۆڤیەتی جاران بێبەش نەبین و چونکە لە هەموو حاڵێکدا زانینی شتێك گەلێ لە نەزانینی چاکترە، بە هەموو هێزمەوە دژی ئەوەم نووسینی کوردی لە پیتی لە ئەسڵدا عەرەبی و دەسکاریکراوەوە بگوێزرێتەوە سەر پیتی لاتینی. بەڵێ ڕاستە هێشتا گەلێ کەند و کۆسپ لە نووسینی کوردی بە پیتی بەئەسڵ عەرەبیدا ماوە، بەڵام دەبێ ئەوەیش بزانین کە پیتی لاتینییش، وەك پیتی عەرەبی، بەتەواوی لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردیدا یەك ناکەوێ، سەرەڕای ئەوە کە کۆمەڵێ گیروگرفتی تازەیشمان دێنێتە ڕێ، لە کاتێکدا کە تەختکردنی بەکارهێنانی پیتی لە ئەسڵدا عەرەبی و دەسکاریکراو بۆ دەربڕینی دەنگە کوردییەکان، هەنگاوی گەورەی ناوە و کەمی ماوە و کارێکی دژوار نییە بە ڕەنجی دڵسۆزان تەواو بکرێ.

گۆڕینی نووسینی کوردی لە دۆخی ئێستایەوە بۆ پیتی لاتینی، پێوەندیمان بە ڕابوردووی سەدان ساڵمانەوە، وەك گەلێکی موسوڵمان و بە کولتووری ئیسلامیی عەرەبی و فارسییەوە کە گەلی کورد یەکێکە لە بنیاتنەرە سەرەکییەکانی – دەبڕێ. لە ڕووی کولتوورییشەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ هەنگاوی یەکەمی فێربوونی نووسین و خوێندنەوە بە کوردی و دەیان ساڵی تەمەنی

بەسەرچوومان بەفیرۆ دەڕوا، تا هەرچی کەلەپووری بەپیتی لە ئەسڵدا عەرەبی نووسراومان وەردەگێڕرێتە سەر پیتی لاتینی و لە چاپ دەدرێتەوە و فێر دەبین بە پیتی لاتینی بیخوێنینەوە، لێی بێگانە دەبین و هیچ ئاگادارییەکمان لێی نامێنێ. ئەمەیش هەموو لە پای چی؟ تەنیا لەپێناوی لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی ئەورووپا و تورکیای کەمالیدا، کە لام وایە ئەم تەوژمی ئیسلامگەراییەی ئێستا لە تورکیادا کەوتووەتە ڕێ، لەسەر ڕەوتی خۆی بەردەوام بێ و لە نیوەی ڕێدا تێك نەشکێ و پەکی نەکەوێ، تورکیایش وردەوردە دەگەڕێتەوە سەر ئەلفوبێی عەرەبی کە کەلەپووری عوسمانی لە کاتی خۆیدا بەو ئەلفوبێیە نووسراوە.

ئەمە پوختەی بیروبۆچوونی منە لەم بارەوە و بۆیە من بە هیچ جۆرێ لەگەڵ گۆڕینی ئەلفوبێی کوردیی ئێستای بە ڕەگوڕیشە عەرەبی نیم بۆ ئەلفوبێی لاتینی.

شایانی وتنیشە من لەم بارەوە بابەتێکی دووروردرێژم نووسیوە کە ئێستا لەژێر چاپدایە و چاوەڕوان دەکرێ بەم نزیکانە لەگەڵ چەند بابەتی تردا هەر لەم بارەوە، لە چوارچێوەی کتێبێکدا لەلایەن دەزگای بڵاوکردنەوەی (تیشك)ەوە بڵاو بکرێتەوە.

**پ: پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێت: ئێمە لە خوارووی کوردستان زۆرترین. هەرکات باکووری کوردستان ڕزگار و ئازاد بوو، ئەوکات ئەفزەلیەت دەدەین بە ئەوان، ڕای تۆ لەم بارەوە؟**

و: ئەوەی کە د. عیزەددین وتوویە، ئەویش باریکی سەرنجە و هەر کەسێ دەتوانێ باری سەرنجی خۆی لە هەر بابەتێکدا دەرببڕێ. بەڵام من، وەك ئەو، لە دیدگای زۆری و کەمیی ژمارەی بە دیالێکتی بادینانی دووەکان و بە دیالێکتی سۆرانی دووەکانەوە ناڕوانمە ئەم مەسەلەیە، ڕای خۆیشم بەدرێژی لە وەڵامی یەکەمدا دەربڕیوە و وەڵامی پرسیارەکەتانم داوەتەوە و لەو باوەڕەیشدا نیم کە دەبێ خۆمان ببەستین بە کوردستانی تورکیاوە کە هێشتا هیچ دەستکەوتێکی لەم بوارەدا دەستگیر نەبووە و لە شەڕی ژیان و مردندایە لەگەڵ کەمالییە نوێیەکانی تورکیا کە دەیانەوێ لەژێر سەرپۆشی موسوڵمانەتییەکی درۆزنانەدا سیمای ڕەگەزپەرستانەی نەتەوەچییەتیی تورکیی خۆیان لە جیهان بشارنەوە، زیاد لە هەموو ئەمە، لە کوردستانی تورکیایشدا، وەك لە هەر بەشێکی تری کوردستاندا، لە چوارچێوەی کرمانجیی باکور و لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەدا، چەندین دیالێکتی جیاواز هەیە و سبەینێ دەبێ میللەتی کوردی ئەوێیش یا ببێ بە چەندین پارچەوە یا دیالێکتێك لەو دیالێکتانەی لەوێ هەن، یا لە ناو هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا هەڵبژێرێ و بیکا بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو بۆ هەموویان. دە توخوا بۆ خۆیشیان و بۆ ئێمەیش و بۆ بەرژەوەندی هەموو نەتەوەی کوردیش باشتر نییە کە ئازادبوون و کەوتنە سەر و کڵاوی خۆیان، لەگەڵ ئێمە یەك بگرن و ئەوانیش کرمانجیی خوارووە گەشەکردووە پێشکەوتووەکەی ئێمە وەربگرن

که تا ئەوان ڕزگار دەبن، چەندین قۆناغی تریش بەرەو پێش دەڕوا!

**پ: بەم دواییانە حیزبی هەورامی زمان ڕاگەیەنرا. سەرکردایەتی و پێشەوایانی ئەو حیزبە پێیان وایە زمانی هەورامی زمانی ستاندارد و ڕەسەنی کوردییە. لەم بارەوە تۆ سەرنجت چییە؟**

و: هەورامی، یا هەورامییانە، شێوەزارێکی دیالێکتی گۆرانییە و بەشی هەرەزۆری ئەوانەی بە شێوەزاری هەورامی دەدوێن، وەك هەموو ئەوانەی بە دیالێکتی گۆرانی دەدوێن، لە ناوەڕاستی ڕۆژئاوای کوردستانی ئێراندا دەژین، ژمارەی ئەو گوندانەی لە کوردستانی عێراقدا دانیشتوانیان بە هەورامییانە دەدوێن، لە ١٠ – ١٥ گوند تێ ناپەڕێ. هەر لەو ڕۆژەوە کە قوتابخانەی نوێ لە کوردستانی عێراقدا کراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی ڕابووردوو، منداڵی هەورامی بە دیالێکتی سۆرانی دەرزی خوێندووە و دەخوێنێ و لە ماڵی باوکیدا و لەگەڵ هاوڕێکانی بە هەورامییانە قسەی کردووە و دەکا مەگەر شوێنی خۆی بەجێ هێشتبێ و پەڕیبێتەوە بۆ شوێنێکی وەك هەڵەبجە و سلێمانی و لەوێ دیالێکتەکەی خۆی واز لێ هێنابێ، لەگەڵ ئەوەیشدا تا ئێستا هیچ ڕەخنەیەك لەم بارەوە لە کەسەوە بەرز نەبووەتەوە و کەس داوای نەکردووە دەرزی قوتابخانە بە هەورامییانە بووترێتەوە. لەم بوارەدا تەنیا ئەوە هەیە کە ڕێی تێ دەچێ و لەوانەیە جاروبار قوتابییەك لە بابەتێکی کتێبە

کوردییەکەی قوتابخانە حاڵی نەبووبێ و مامۆستاکەیشی هەورامی بووبێ و خۆی بە ناچار زانیبێ ئەو بابەتە بە هەوراميیانە بۆ قوتابییەکەی لێك بداتەوە. من بۆ خۆم ساڵانی منداڵی و مێردمنداڵیم لە بیارەی هەورامان بەسەربردووە کە لەپاش (تەوێڵە) گەورەترین گەورە دێی ئەو بەشەی هەورامانە کە دەکەوێتە کوردستانی بندەستی عێراقەوە. بە منداڵیم هەرچەند قسەم لەگەڵ منداڵانی هاورێم دەکرد کە بەشی هەرە زۆریان هەورامی بوون، بە سۆرانی قسەم لەگەڵ دەکردن و ئەوانیش بەشێکیان بە سۆرانی و بەشێکیشیان بە هەورامی وەڵامیان دەدامەوە، بەڵام هەموویان لە سۆرانییەکەی من دەگەیشتن، هەرچەند بە هەوراميیش وەڵامیان دابمەوە، لەوانەیە منیش لە هەوراميیەکەی ئەوان دەگەیشتم و لەوانەیشە ئەوانەیان کە بە هەورامی وەڵامیان دەدامەوە، بەشێکیان، کەم یا زۆر، نەیانتوانیبێ بە سۆرانی قسە بکەن.

ئەمە سەرەتایەك بوو بە پێویستم زانی بۆئەوەی ئەوانەی ئەم وەڵامانەم دەخوێننەوە شارەزاییيەکیان لە بارودۆخی بەشە کوردستانی – عێراقی هەورامان ببێ.

ئەگەر میرنشینی ئەردەڵان نەڕووخایە کە حوکمڕانیی بەسەر بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەدا کردووە کە بە دیالێکتی گۆرانی و شێوەزاری هەورامی دەدوێن و دیالێکتی گۆرانی، وەك چەرخی

زێڕینی، هەر لە گەشەکردندا بمایە کە جوانترین و ناسکترین شیعری کوردیی لەو چەرخەیدا بۆ بەجێ هێشتووین، پەخشانیش بهاتایەتە پاڵ شیعرەکانی و لە ئەنجامی ئەمەوە میرانی ئەردەڵان دیالێکتی گۆرانییان بکردایە بە زمانی ڕەسمیی دەربارەکەیان، ڕێی تێ دەچوو دیالێکتی گۆرانی ببوایە بە دیالێکتی بنەمای زمانی یەکگرتووی ئەدەبیی کوردی، بەڵام ئەوە نەبوو و لەو ڕۆژانەیشەوە قوتابخانەی شیعری بابان بە دیالێکتی سۆرانی بە گوڕ و کەفوکوڵێکی واوە کە لەوەوپێش نەبینرابوو هاتە مەیدانەوە. بۆیە ئێستا گۆرانی، یا وەك ئەم برادەرانەی هەورامییانە بە زمانی ستانداردی کوردیی دادەنێن – دەڵێن، هەورامی، تەنیا دیالێکتێکە لەناو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا و نە زمانی ستانداردی کوردییە و نە لە دیالێکتێك زیاترە. بەڵێ ڕاستە دیالێکتێکی زۆر ڕەسەنە کە گەورەترین کەلەپووری شیعری بەرز و بالاّی هەیە مێژووەکەی، وەك بە ئەدەبیاتەکانی دەستەی (ئەهلی حەق)دا دیاری دەدا بۆ نزیکەی ١٢٠٠ ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە و کۆنترین پاشماوەی ئەدەبی کوردییە. لەبەرئەوە دەبێ بایەخێکی زۆر بە بووژاندنەوە و ساغکردنەوە و بلاّو کردنەوەی بدرێ و فەرهەنگێکی گەورەی وای بۆ بنووسرێ کە هەموو شێوەزارە لق و پۆپەکانیشی بگرێتەوە و بە دەرز لە زانکۆکانی کرماشان و سنە و سلێمانیدا بوترێتەوە و توێژینەوەی بەراوردیی لەگەڵ دیالێکتەکانی زمانە ئێرانییەکاندا بۆ بکرێ.

هەرچی هەوڵی دانانی حیزبێکی هەورامییشە، من بە هەوڵێکی هەڵە و ناڕەوا و مەترسیداری دەزانم لە بواری کارکردنی سیاسیدا و لام وایە زیان بە بەرژەوەندییەکانی کورد و کوردستان دەگەیەنێ، بەو پێیە کە بەشی هەرە زۆری ئەوانەی خۆیان بە هەورامی ناودەبەن – ئەگەر باسیش لە گۆرانییەکان نەکەین ، دەکەونە بەر کوردستانی ئێران و مەترسیی دەست تێوەردانی دەسەڵاتداران لە کاروباری ئەو حیزبەدا ئەگەر دروست بوو، لە ئارادایە – ناکرێ پشتگوێی بخەین و دەبێ زۆر زیرەکانە و دووربینانە مامەڵە لەگەڵ پرۆژەیەکی مەترسیداری وادا بکەین.

**پ: لە ئێستادا لایەنی زمانەوانیی کورد چۆن دەبینی: بەرەوپێش دەڕوا، یان پاشەکشە دەکات؟**

و: لایەنی زمانەوانیی کورد یا کوردی خراپ دێتە پێش چاو، بەر لە هەرچی بنووسان و وەرگێڕان هەڵەی زەقی زۆری زمانەوانی دەکەن. تا ئێستایش هیچ کتێبێکی گرامەر، یا وەك دەڵێن (ڕێزمان)، بۆ هیچ کام لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی نەنووسراوە کە هەموو بابەتەکانی گرامەر بگرێتەوە، وەك چۆن هیچ گرامەرێك بۆ ئەو بابەتانە نەنووسراوە کە لە هەموو یا لە بەشێکی دیالێکتەکانی زمانەکەماندا وەك یەکن کە ئەوە بایەخێکی ئێجگار زۆری هەیە بۆ ئیسپاتکردنی سەرەتای یەکێتیی گرامەری زمانی کوردی. من بۆ خۆم ئاگاداری بوونی زمانزانێکی کورد نیم هەموو یا بەشی

زۆری دیالێکتەکانی زمانی کوردی بزانێ تا بتوانێ بیر لە نووسینی گرامەرێکی وا کە وتم بۆ ئەو دیالێکتانە، بکاتەوە. هەرچی تا ئێستا نووسراوە هەر یەکی لەڕاستیدا تایبەتە بە هەندێ بابەتی یەك شێوەزارەوە، هەرچەند بە ناوی (ڕێزمانی زمانی کوردی)یشەوە نووسرابێ و ناسێنرابێ.

لەبارەی گەشەکردن یا پاشەکشەکردنی زمانەوانییشەوە، من ناتوانم بڵێم گەشەی کردووە یا پاشەکشەی کردووە، مەگەر گەشەنەکردن بە پاشەکشە دابنێم، من لە بنەڕەتەوە لەگەڵ بوونی ئەو گەشەکردنەدا نیم چونکە لام وایە ئەوەی کە کراوە تەنیا لە بواری چەند بابەتێکدایە و وەك وتم تا ئێستا گرامەرێکی وا کە هەموو بابەتەکانی تەنانەت لە دیالێکتێکیشدا گرتبێتە خۆی، نەنووسراوە، بەڵکو کتێبەکەی سەعید سیدقی کابان، لەگەڵ کورتی و کەم دەرەتانی و لاسایی عەرەبی کردنەوەیشیدا، لە هەموو ئەوانەی پاشەوەی سەرانسەریترە، من خۆم زمانەوان نیم و لە بواری زمانەوانیدا کارم نەکردووە و لەوە زیاتر سەرمایەیەکم بەدەستەوە نییە کە نووسینێك دەخوێنمەوە دەتوانم ئەگەر هەندێ هەڵەی تێدابێ دەستنیشانیان بکەم کە نابێ وا بنووسرێ.

پێش هەموو شتێ من لەگەڵ هیچ کام لەو زاراوانەدا نیم، هەرچەند لەبەر ناچاری جاروبار هەندێکیشیان بەکاربهێنم، کە ئێستا لە کتێبەکانی گرامەری کوردیدا، وەك وەرگێڕان لەجیاتیی

زاراوە عەرەبییەکان دانراون و زۆرتریان خوالێخۆشبوو مامۆستا نووری عەلی ئەمین هێنانیە مەیدانەوە و کتێبەکانی ساڵانی پەنجای خۆیی پێ ڕازاندنەوە. بۆیە داوا دەکەم ئەگەر

(ئەکادیمیی کوردی) توانیی، لیژنەیەکی کارا و لێهاتووی زاراوەی دانا چاو بە هەموو ئەو زاراوانەدا بگێڕێتەوە کە ئێستا لە کتێبەکانی قوتابخانەکان و کۆلێژەکانی پەروەردەکردندا بەکاردەهێنرێن و لەوە نەترسن کە مامۆستایان و قوتابییان لەسەر ئەو زاراوانەی ئێستا دەقیان گرتووە و لەسەر ئەو بنەمایە نەڕۆن کە دەڵێ: ″هەڵەی باو لە ڕاستی ناباو چاکترە″. دەبێ واز لەوە بهێنین کە لاسایی کتێبەکانی گرامەری ئینگلیزی بکەینەوە. هەروا لەگەڵ لاساییکردنەوەی دەقاودەقی گرامەری عەرەبییش نیم، بەڵام دەبێ ئەوەیش لە یاد نەکەین کە کەس ناتوانێ نکوولی لەو ڕاستییە بکا کە زانایانی گەلانی موسوڵمان دەسکەوتی زۆریان لە بواری نووسینی سەدان کتێبی گرامەری نەحو و سەرفی عەرەبیدا وەدەست هێناوە. من لام وایە باشترین سەرچاوەیەکی گرامەری کە بتوانین سوودی بۆ نووسینی کتێبی گرامەری سەرانسەریی هەرکام لە دیالێکتە کوردییەکان و بەتایبەتی دیالێکتی کرمانجیی خواروو کە چاومان بڕیوەتە ئەوە ببێ بە زمانی ئەدەبیی کوردی – لێ وەربگرین، گرامەری زمانی فارسییە، ئەویش لەگەڵ ئازادیی بیروبۆچوون و توانی ئەفراندن و داهێناندا، بەڵام خۆ دەتوانین ئەو قەوارەیەی گرامەرنووسە

سەرانسەرییەکانی فارس بۆ نووسینی گرامەری زمانەکەی خۆیانیان نووسیوە، ئێمەیش وەك ئەوان بەکاری بهێنین و کاری خۆمانی پێ ڕایی بکەین. هەروا بە پێویستی دەزانم ئیتر دەستبەرداری بەتەنیا نووسین ببین، لە بواری کارێکی پڕ بایەخی وەك گرامەر نووسیندا، تا بە دوان و سیان بتوانین بۆچوونی هەڵەی یەکێکمان ڕاست بکەینەوە.

ئێمە دەبێ فۆلکلۆری کوردی و شیعری شاعیرە کۆنەکانمان و پەندە کۆنەکانی پێشینانمان بکەین بە سەرچاوە بۆ دۆزینەوەی بنەما (قاعدە)کانی زمانەوانیی کوردی، بۆ داڕشتنی زاراوەی پێویست لە گرامەری کوردیدا. دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەر زمانی نەشێوێنراوی لادێ دوورە دەستەکانمان. با بێین بابەتەکانی گرامەری عەرەبی و فارسی بهێنین و لەبەر ڕووناکیی ئەوەی ئەوان دۆزیویاننەتەوە، ئێمەیش بابەتەکانی زمانەکەی خۆمان بدۆزینەوە و باسەکانی گرامەری زمانەکەمان بنووسین، با لە پێشدا گرامەرێك بۆ زمانەکەمان لە پۆلە سەرەتاییەکاندا بنووسین تا لەمەولا وەچەی نوێمان لەسەر فێربوونی ئەو گرامەرە پەروەردە بکەین و ئەوجا بگوێزینەوە بۆ قۆناغەکانی پاشەوە، بۆ ئەم کارەش لە ژێر چاودێریی ئەکادیمیی کوردی و وەزارەتەکانی پەروەردەکردن و پێخوێندنی بالادا چەندین لیژنە بۆ نووسینی گرامەری کوردی دانێین و بیانخەینە کار، ئینجا بێین قسە لە گەشەکردن و پاشەکشەی زمانەوانی بکەین.

**پ: هۆکاری ئەم بێسەروبەرییەی لە زمان و ئەدەبی کوردیدا هەستی پێ دەکرێت چییە؟ تا چەند دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵیان هەبووە تیادا؟**

و: بۆ وەڵامدانەوەی بەشی یەکەمی ئەم پرسیارەتان، پێویستم بەوە بوو بزانم ئەم بێسەروبەرییە، بە بۆچوونی ئێوە ، لە چیدا دەردەکەوێ و تێ بگەم مەبەستتان لێی لە زمان و ئەدەبدا چییە، تا بە گوێرەی شارەزاییی خۆم قسەی تێدا بکەم. بۆیە داوای لێبووردنتان لێ دەکەم لە بواردنی وەڵامدانەوەی ئەم بەشەی پرسیارەکەتان.

لەبارەی بەشی دووەمیشەوە، بێگومان بەو پێیە کە ئەو بابەتانەی دەچنە بەردەستی کارگوزارانی هۆیەکانی ڕاگەیاندن، کتێب بن یا چیرۆك و وتار و شیعر و هەر چییەکی تر، دەبێ ئەوان پاش تەماشاکردن و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنیان هەست بکەن تا چ ڕادەیەك لە هەموو ڕوویەکەوە باش و شایانی بڵاو کردنەوەن یا نە و ئاخۆ هیچ نیشانەیەکی بێسەروبەرییان پێوە دیارە یا نە؟ چونکە ئەو کارگوزارانە ڕۆڵی خۆیانیان هەیە و ڕۆڵەکەیشیان ڕۆڵێکی کاریگەر و پڕ بایەخ و بڕیاردەرە و بەشێکی زۆری بەرپرسی لە بڵاوکردنەوەی بابەتی ناشایاندا، ئیتر ناشایانییەکە لە هەر ڕوویەکەوە بێ، لە دوا لێکدانەوەدا یەخەی ئەوان دەگرێتەوە.

شەڵڵا پرسیارێکیشتان لە بارەی شێوە نووسین (ڕێنووس)ەوە

بکردایە چونکە ئەمەیش بابەتێکی زۆر پڕ بایەخی کولتووری ئەمڕۆی کوردییە. بۆیە لەم بارەوە بۆ خۆم دێمە دەنگ و دەڵێم: لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە زەق و بەرچاوەیش کە لەم بوارەدا تا ئێستا وەدەست هێنراوە و هەمەوان ، لام وایە، هەستی پێ دەکەین، پابەندبوونی بنووسان بەو خاڵانەوە کە تا ئێستا بڕیاریان لەسەر دراوە و بە ڕاست زانراون و بەتایبەتی لە ناو وتارنووسانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، زۆر کەمە و لام وایە ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو بنووسانە سوورن لەسەر دەستبەردار نەبوون لەوەی زوو فێری بوون و نەگەڕان بەدوای نوێدا کە لەم بوارەدا وەدەست هێنراوە و دەهێنرێ، سەرەڕای ئەوەیش کە کاری ڕۆژنامەنووسی بواری ئەوەیان بۆ نارەخسێنێ هەمیشە چاوی ڕەخنە بەخۆیاندا بگێڕنەوە و واز لە هەڵەی خووپێوەگرتوو بهێنن. لەمەیش خراپتر ئەو عادەتەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا بڵاو بووەتەوە لە ناو بەشێك لە بنووساندا کە نووساندنی چەندین وشەی لێك جیاواز و سەربەخۆیە بە یەکەوە کە وا دەزانم ئەمەیش لە لاساییکردنەوەی وشەی ئەڵمانییەوە هاتووە و ئەو کەسانە دایان هێناوە کە لە دەرەوە گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەکەن یا لە دەرەوە گەڕاونەتەوە.

نموونەیەکی زۆر زەق و خراپی ئەم دیاردەیەتان بۆ دەهێنمەوە کە جارێکی تریش لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ)دا لەسەرم نووسی و بە نموونەم هێنایەوە، ئەویش بە یەك چاو سەیرکردنی دوو وشەی

(دا)یـە کـە یـەکـێکـیـان (دا)ی پـاشگرە وەك لـە نـیـمـچـە ڕستـەی (لـە گیرفانمدا)دا و ئـەویشیان (دا)ی کار (فعل)ە وەك لە ڕستـەی (پێم دا)دا. ئەم دوو (دا)یە زۆر لە یەك جیاوازن و ڕەوا نییە بە یەك جۆر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. (دا)ی پاشگر دەبێ لەگەڵ پێشەوەکەیدا بنووسرێ چونکە تەنیا حاڵەتێکی ئیعرابییە و بۆ خۆی هیچ واتایەك نادا، لە کاتێکدا کە دووهەمیان ڕستەیە و کارە لەگەڵ ئەندەروونێکی نادیار (ضمیر غائب)دا.

**پ: ڕای بەڕێزتان لەسەر کۆڕی زانیاری کورد چۆنە؟**

و: ئـەگـەر مـەبـەستـتـان (کـۆڕی زانـیـاری کـوردستـان)ە کـە لـە سەرەتای ساڵی ڕابووردوودا هەڵوەشێنرایەوە، ئەوا من لەبەرئەوە کە ئەندامی (ئەکادیمیی کوردی)م کە لە بریتیی ئەو دامەزرێنراوە، بۆ خۆمی بە ڕەوا نازانم بێمە مەیدانی هەڵسەنگاندن و بە شان و بـاڵـدا هـەڵـدان یـا ڕەخـنـە لـێ گـرتـنـیـەوە. ئـەگـەر مـەستـیشتـان (ئـەکـادیمیـی کـوردی)یـە کـە لـە شوێنـی ئـەودا پـێکـەوەنـراوە، ئـەوە هێشتا ستافی تەواوی خۆی بۆ دانەنراوە و قانوونەکەیشی کە ئێمەی ئەندامانی ئەکادیمی لە پەرلەمانمان وەرگرتەوە و چاومان پـێدا گـێڕایـەوە و نـاردمـانـەوە بـۆ پـەرلـەمـان بـۆ تـاوتـوێکردن و مۆرکردنی، لە پەرلەمانەوە دەرنەچووە، سەرەڕای ئەمە هێشتا زۆر پێویستی تری دەزگاکەی هەیە جێبەجێ نەکراون. بۆیە ئێستا هەرچی لە بارەیەوە بڵێم پێش وەختە. کەواتە با جارێ چاوەڕوان

بین هیچ نەبێ ساڵێکی بەسەردا تێپەڕێ و بزانین چیی لێ دەردەچێ.

**پ: وەرگێڕانی کوردی چۆن دەبینیت؟**

و: ئەگەر وەرگێڕ زمانی لێ وەرگێڕاو و زمانەکەی خۆیشی بە باشی بزانێ و بە باشی لە بابەتە وەرگێڕراوەکەیش حاڵی بووبێ کە خاوەنەکەی ویستوویە بڵێ چی و باشیش بزانێ ئەو بابەتە وەرگێڕاوە دەبێ بە کوردی چۆن بنووسرێ و گرامەری کوردی ئەوەندەی پێویست بێ شارەزا بێ و پاش هەموو ئەمەیش شێوە نووسینێکی باش - بە خاڵبەندییشەوە - بزانێ، وەرگێڕانەکەی باش و سەرکەوتوو دەبێ. پاش ئەم قسانەیش بە ڕستەیەکی کورت وەرگێڕاوی باش ئەوەیە ئەو کەسەی دەیخوێنێتەوە وا هەست بکا ئەو کەسەی وەری گێڕاوە وەرگێڕ نەبوە و بنووسێکی خۆماڵی بووە.

ئەمەی وتم هەمووی لە ڕووی تەکنیکی وەرگێڕانەوە بوو. بەڵام من، سەرەڕای هەموو ئەمە، بایەخدان بە بابەتی وەرگێڕاویشم لا زۆر مەبەستە و ڕۆشنبیری کورد کە کتێبێك دەکا بە کوردی دەبێ بیر لەوە بکاتەوە کە کۆمەڵگەی کورد پێویستی بە چ جۆرە کتێبێکە بۆ وەرگێڕان و ئەو خۆی دەتوانێ چ جۆرە کتێبێك وەرگێڕێتە سەر کوردی؟

دیارە لێدوانی ئێمە لە بارەی کوردی عێراقەوەیە کە ئەگەر ئەوسا بە عەرەبی خوێندبێتی و لە ڕێگای خوێندنەوە ئەو زمانە فێربووبێ

و توانیبێتی کتێبێکی لێوە بکا بە کوردی، ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر کەمی کورد نەبێ ئەو زمانە نازانن و وەچە کۆنەکانی کە دەیانزانی، خەریکن دەبڕێنەوە. هەروەها تێکڕای ڕۆشنبیرانی کورد کە لە کوردستان دەژین زمانی بێگانە نازانن و لەبەر ئەمە توانی وەرگێڕانیان لە زمانی بێگانەوە زۆر کەمە. ڕاستە کەسانێکمان هەن بەهۆی پەناهەندەیییەوە بۆ ئێران، تا ڕادەیەك فێری فارسی بوون، یا هەندێ لە هەندەران زمانی ئەو وڵاتانە فێربوون کە تیایاندا دەژین و هەروەها هەیشمانن لە ڕێگای خوێندنیانەوە لە دەرەوە زمانێکی بێگانە دەزانن، بەڵام لە هەموو ئەمانەدا ئەوانەیان کە زمانێك لە زمانە بێگانەکان باش دەزانن و هاتوونەتەوە بۆ کوردستان زۆر کەمن و لە ناو ئەوانەیشدا ئەوانەی کە توانی وەرگێڕانیان لەو زمانە بێگانانەوە هەیە زۆر کەمترن و لەمانەیشدا زۆر کەمتریان تاقەتی وەرگێڕانیان هەیە و خۆیانی پێوە خەریك دەکەن. بۆیە ئەمڕۆ لە ناو کتێبخانەی کوردیدا بەدەگمەن کتێبی بێگانەی وا هەیە ڕاستەوخۆ لە زمانی خاوەنەکەیەوە لە لایەن وەرگێڕێکی کوردی عێراقییەوە کرابێ بە کوردی.

بۆیە، من ئەم سەردەمەمان بە سەردەمی قەیرانی کولتووری کوردی دەزانم لە کوردستانی عێراقدا. لە هەمووی ئەمەیش خراپتر ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەیش چەندین دەزگای لە چاپدان و بڵاوکردنەوەمان هەن، هیچیان بەرنامەیەکی نە یەك ساڵە و نە

چەند ساڵەیان نییە بۆ لە چاپدان و بڵاوکردنەوە کە لە چ بابەتێکدا چەند کتێبێك بە دانان و چەند کتێبێکی تر بە وەرگێڕان بدەن، لە کاتێکدا کە بەشی هەرەزۆری خوێندەوارانی میللەتەکەمان لە کوردییەکەی خۆمان بەولاوە – ئەویش زۆرتری نیوە و ناتەواو – زمانێکی تر نازانن و هەرچیشیان لێوە بڵاو دەبێتەوە هەمووی بێ پلان بۆ دانان بڵاو دەکرێتەوە و بە ڕێکەوتی ڕووت دێتە بەردەستیان. حاڵی خودی وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستانیش لە حاڵی دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوە باشتر نییە و بەڵکو لە دوای ئەو دەزگایانەوە شەلەشەل تەکەی دێ.

لەمەوە، من چارەی ئەم مەسەلەیە تەنیا لەوەدا دەبینم کە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەستوبرد بکا بۆ دانانی لیژنەیەکی لێهاتووی دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە بە دەستەڵاتێکی باش و داراییەکی فرە و بە بەشداری تێداکردنی ئەکادیمیی کوردی و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و هەموو دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوەی کوردستان و کۆمەڵێك لە باشترین زانا و ئەدیب و ڕۆشنبیرانی کوردستان و بەرنامەی ساڵانە و پێنج ساڵەی لێکۆڵراوە و گفتوگۆ لەسەرکراوی کارکردنی خۆی هەبێ و هەرکاتێ ئەم پێشنیایەی من پەسند کرا و دەست درایە جێبەجێکردنی، دەتوانرێ بەدرێژی گفتوگۆی لەسەر بکرێ و بیروڕای لەسەر دەربڕدرێ تا بەپێی پێویست بێتە جیهانی بوون و کارکردنەوە.

**پ: نەبوونی زمانێکی ستاندارد کاریگەریی چییە لەسەر وەرگێڕان؟**

و: نەبوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو لە ژیانی نەتەوەیەکدا، کاریگەرییەکی خراپی زۆری لەسەر وەرگێڕان هەیە، چونکە دەبێ بە مایەی ئەوە کە ئەو کەسانەی بە وەرگێڕانەوە خەریك دەبن لەناو رۆشنبیرانی ئەو نەتەوەیەدا کە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی نییە لە زۆر شوێنی کاری وەرگێڕانیاندا پەکیان بۆ دۆزینەوەی وشەی شایان و بەجێ بکەوێ و دەستگیریان نەبێ تا کارەکەی خۆیان بە باشی و جوانی و ڕەسایی جێبەجێ بکەن. وەك هەمووومان دەزانین یەکێك لە پێویستی و لە ئەنجامەکانی بوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو بوونی فەرهەنگێکی نەتەوەییی بەربڵاو و سەرانسەریی زمانی نەتەوەیییە کە گشت دیالێکت و وردە دیالێکتەکانی لە دووتوێی خۆیدا کۆ کاتەوە کە یەکێك لە ئەنجامە باشەکانی بوونی ئەو فەرهەنگەیش بوونی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی وشەکانی نەتەوەکەی خاوەنی ئەو فەرهەنگەیە لە خزمەت و لە بەردەستی بنووسان و ئەدیبەکانی نەتەوەکەدا بە وەرگێڕەکانیشیەوە. لێرەدا دەبی ئەوەیش بڵێم کە دەبێ ئەو فەرهەنگە نەتەوەیییە لە هەر چەند ساڵێکدا جارێك، بەپێی پێویست، چاپێکی نوێی مشتوماڵکراوی لێ زیادکراوی لێ دەرچێ، وەك بەش بەحاڵی فەرهەنگی زمانی نەتەوەییی زۆر لە میللەتە زیندووەکانی جیهان دەکرێ. نابێ لێرەدا ئەوەیشم لەیاد بچێ کە بڵێم یەکێك لە ئەنجامە خراپەکانی نەبوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو لە ژیانی هەر نەتەوەیەکدا،

بەکارهێنانی زیاتر لە دیالێکتێکە لە دیالێکتەکانی زمانەکەی بۆ پێ وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە کە ئەوەیش دەبێ بە مایەی بەفیرۆچوونی ڕەنج و توانێکی زۆر کە دەکرا بۆ وەرگێڕانی بابەتێکی تر خەرج بکرێ و ئەمە لە ژیانی ئێمەی کورد خۆیشماندا لەوانەیە ڕووی دابێ.